***بەشی ١-٣***

***کتێبی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی - بەرگی سێیەم و***

***خوێندنەوەیەکی خێرا و چەند سەرنجێک...***




هەڵۆ بەرزنجەیی١٥/٥/٢٠٢٠

ساڵی ٢٠١٩   چاپی یەکەم/ ٢٩٥ لاپەڕە، دەزگای جەمال عیرفان

پێشتر خوێندنەوەم بۆ هەردوو بەرگی ١-٢ ی کتێبی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی کاک **عەتا قەرەداخی** کردووە و بە دوور و درێژی لەسەرم نووسیوون. لێرەدا نامەوێ جارێکی تر بگەڕێمە سەر نووسەر و ئەو میتۆدانەی کاری پێ دەکات.

ئەم بەرگەش کە هەوڵێکی تری کاک عەتایە بۆ خوێندنەوەی گوتاری ناوبراو، ئەمجارە لەبری بزاڤ و حیزبی کوردی، بەرهەمی کۆمەڵێ  نووسەری هەڵبژاردووە، کە بەشدارن لە هەڵچنینی کۆشک و تەلاری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی. ئێمە دەزانین هیچ کارێک بێ کەموکورتی نییە، بۆیە کارەکەی کاک عەتاش هەر دەلاقەیەکی گەورەی تێنەکەوتووە و بەڵکە ڕووبەرێکی پانوبەرینی تەمومژاوی و گومان لێنیشتوویشی سازداوە ،کە  پرسیاری جۆراوجۆر هەڵدەگرێت.

سەرەتا پێویستە بە گوتەیەکیSamuel Coleridge دەست پێدەکەم:" بلیمەت و زاناکان خاوەن ئایدیان، دەنا زۆرینەی خەڵک لەلایەن ئایدیاوە داگیرکراون". کەواتە پێویستە ئەوە بڵێین کتێبەکە بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورە بە ناوی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی. دیار نییە بۆ ئەم کارە کاک عەتا چ پێوەرێکی لەبەرچاو گرتووە؟. چونکە نە لە ڕووی کرۆنۆلۆژیاوە کاری لەسەر هەڵبژاردنی  ئەو نووسەرانە کردووە و نە هیچ پێوەرێکی تری تێدا لەبەرچاو گیراوە. بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی کاک عەتا دیاری کردوون، کۆچی دواییان کردووە،جگە لە د. کەمال مەزهەر-تەندروستی باشی بۆ دەخوازین

ـ . هەر بە گەزومقەستی خوێندنەوەکەی خودی کاک عەتا، نووسەر هەیە ناکەوێتە خانەی خاوەن گوتاری ناسیۆنالیستی کوردییەوە، خودی قەرەداخیش بابەتییانە ئەمەی ساخ کردۆتەوە. کەچی هێناوێتی و شەنوکەوێکی دوورودرێژی بۆ بەرهەمەکانی کردووە. کەواتە چەند ناوێک بەرچاو دەکەون کە نەدەبوو بەرچاو بکەون، کۆمەڵێکی تر نابینرێن، کە دەبوو وەک سەرمەشق دابنرانایە. ئەمەش نیشانەی تێکەڵی و پێکەڵی و نەبوونی پێوەر و بنەمایەکە بۆ کارەکەی قەرەداخی.

ئەم خوێندنەوەیەی بەندە لەسەر بنەمای دوو شت بوو، ڕاسکردنەوەی هەڵە و بۆچوونەکان لەسەر مامۆستایان **مەسعوود محەمەد** و **جەمال نەبەز** و ڕەخنەگرتن لە ڕیزبەندی ناوەکانی خوالێخواشبوو **برایم ئەحمەد** و بەڕێز د. **کەمال مەزهەر** بە تایبەت لەم توێژینەوەیەدا.

بۆ نموونە، قەرەداخی خوێندنەوەیەکی تیروتەسەلی ورد و بابەتی بۆ گوتاری خوالێخۆش بوو **"برایم ئەحمەد"** دەکات و دەگاتە ئاکامێک لە دوا دێری نووسینەکەیدا دەڵێ: " بەم پێودانگە کە گوتاری مێژوویی و سیاسی نووسەر ـ برایم ئەحمەد ـ لە دەرەوەی بازنە و سنوور و پێناسەی گوتاری نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزمی کوردییە و گوتارێکی پان عەرەبییە".

ئەوەی سەیر و سەمەرەیە، قەرەداخی ئەم ڕاستییە دەزانێ و ناونیشانی کتێبەکەشی بە ئاگاییەوە هەڵبژاردووە و کەچی دێت ناوی برایم ئەحمەد دەهێنێتە ژێر چەتری باسەکەیەوە و لەتەک خاوەن گوتارە نەتەوەییەکاندا ڕیزیان دەکات!. وەک خوێنەرێک لەم تێکەڵوپێکەڵکردنە حاڵی نابم و دەپرسم: کاک عەتا چۆن ئەمە دەکات و، بۆ خۆی دەخاتە هەڵەی وا زەقەوە؟ مەبەستی لەم کارە چییە؟. ئەمەی بە ئاگاییەوە یاخود بێئاگاییەوە ئەنجام داوە؟..

کاک عەتا بەڕێز**" د. کەمال مەزهەر"**یشی خستۆتە ناو لیستی ئەوانەی وەک خاوەن گوتاری نەتەوەیی/ ناسیۆنالیزم کاری لەسەر کردوون. گەرچی دەشزانێ ئەم خوێندنەوەی ئەو بۆ کەسانی خاوەن گوتاری ناوبراو، جێی کەسێکی تێدا نابێتەوە ـ وەک د. مەزهەر ـ لە دیدێکی ئایدۆلۆژییەوە، پرۆژەی بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتیش نەبێت، کار لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا ـ مێژوو ـ بکات دوور لە گوتاری ناوبراو ، کە دەکەوێتە دەرەوەی خانەی ئەوانەی کاک عەتا لە پێشەکییەکەیدا ڕیزبەندی کردوون و دەڵێ: " هاوکات بیر و ئایدۆلۆژیای چەپ بەسەر هەندێکی تریانەوە دیارە و ئەمەش لایەنگری مانەوەی کورد دەکات، لە سایەی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و ئەوان ئێستا داگیرکەری کوردستانن(...) ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە، کە بیری چەپ پێی وایە دەشێ لەسایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەردا نەتەوەی بن دەست بژی، وەک ئەوەی سیستێمی سۆڤیەتی بانگاشەی بۆ دەکرد لەژێر دروشمی دیموکراتی بۆ دەوڵەت و ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی بن دەست".

پێڕەوانی هەردوو ئاڕاستەکە ـ عێراقچێتی و چەپایەتی ـ هەر لە سەرەتاوە، ناڕاستی شکستی خۆیان کردۆتە ناسنامەی گوتارەکەیان ، چونکە هەر لە پێشڕا بە باوەڕەوە:

ـ باوەڕیان بەو کیانە دەستکردانە هەیە، کە ئیمپریالیزم دروستی کردوون و دەوڵەتی کورد نیین.

ـ خۆ بەکەمزانین و هەستی پەستی و گرێی دەروونییان هەیە، بۆیە تاکێکی تێکشکاون.

ـ بە ناوی خەباتی برایەتی و پێکەوە ژیان و چینی کرێکارەوە، دۆزی نەتەوەیی پەراوێز دەخەن و خزمەت بە میللەتە سەردەست و دەوڵەتە بیژۆ و نامۆکان دەکەن، پڕوپاگەندە بۆ بەرجەستەکردنی دەسەڵات و دەوڵەتی بێگانە دەکەن.

ـ زرە خەونی دیموکراسی و سۆسیالیزمی دەبینن و پێیان وایە لە وڵاتێکی وەک سویسرادا دەژین.

ـ دەیانەوێ دیموکراسی بەرن بۆ پایتەختی داگیرکەران و فشە ئۆتۆنۆمیش بۆ کورد دابین بکەن.

ـ داوای دەوڵەت بۆ فەلەستین دەکەن، خۆیان دەخەنە سەنگەری عروبەی دژ بە زایۆنیزم و دەیانەوێ کوردیش ڕاکێشنە، نێو شەڕێک، کە ئامانج و ستراتیژ و ئەرکی سەرەکی ئەو نییە.

ـ گوتاری داگیرکەرچێتی و عێراقچێتی گوتاری پێکەوە ژیانێکی یەکسان و ماف پارێزراو و کەلتوورێکی پێشکەوتووی ژیانی مۆدێرن نەبووە وەک نموونەی سویسرا. بەڵکو وتاری قبووڵکردنی داگیرکەر و داگیرکراو،سەردەست و بندەست،زاڵم و زوڵملێکراو،جەللاد و قوربانی ،بە کورتی ڕازیبوونە بەوەی بێگانە حوکمی کورد بکات ....هتد.

ڕەنگە گەلێ باس و خواستی تریش هەبێت لێرەدا ئاماژەیان پێ نەدراوە، لێ خوێنەری زیت لێی بە ئاگایە. ئەمەش دژی بە گوتاری نەتەوەییە و واتای خۆ بەدەستەوە دان و دەستهەڵگرتنە لە دۆزی نەتەوە و بەزین و دۆڕاندنە.

کەواتە هیچ پێوەر و بنەما و توخم و ڕاستیی و ئەزموون و زانستێکیش نییە، بیسەلمێنێ کەسێک لەژێر کاریگەرێتی گوتاری پان عەرەبیزمدا بێت و کار بە گوتاری ناسۆنالیزمی کوردی بکات، کە دوا ئامانجی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونە!. یاخود ڕازی بێت بە دەستوور و سنوور و قەوارە و ناسنامەی دەوڵەتی دەستکردی داگیرکەر و داوای دیموکراسی بۆ بکات و خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی هەوڵ بدات. ئەم بیرکردنەوە و گوتارە هەر لە پێشڕا دەیسەلمێنێ، واز هێنانە لەو پرۆژەیەی ناسیۆنالیزم لەخۆیدا هەڵی گرتووە. کەواتە هەردوو تێزەکە هەم ناگونجێن و هەمیش تەواو پێچەوانەی گەوهەری ئامانجی نەتەوەیین و دەبوو ببنە پرۆژەیەکی تری سەربەخۆ لەژێر ناوێکی پێچەوانەی ناوی ئەم کتێبەدا.

پرسیار ئەوەیە، بۆ قەرەداخی هاتووە و خوێندنەوەی بۆ ئەمانە کردووە ؟ ناوی خستوونەتە پاڵ نووسەرگەلێک کە خاوەنی جیهانبینییەکی تەواو نەتەوەییانەن!. ئەمە جێی سەرسووڕمان و پرسیارە؟. هەڵبەت ئامانجی من کەمکردنەوەی ناو و ناوبانگی ئەو دوو زاتە نییە، نادیدە گرتنی بەرهەمەکانیان نییە! خۆشم نادەم لە قەرەی ئەو باسە و ڕۆڵی سیاسی و مێژوویان و مەبەستیشم نییە بێ نرخانە تەماشای کارەکانیان بکەم. لێ باش دەزانم کەوا ئەوان و گوتارەکەیان لەگەڵ ئەم ناونیشان و باسەدا ناگونجێ، کە قەرەداخی لەبەرچاوی گرتووە و دەیەوێ پێشکەشمان بکات. سەرەتا لەوێوە دەست پێ دەکەم، قەرەداخی لە پێشەکییەکی کورتدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەدات. ئەوسا دێمە سەر ئەو نووسەرانەی کە هەڵیبژاردوون و بەو ڕەگەزانەی گوتاری ناوبراوەوە.

پێناسەکردنی گوتاری نەتەوەیی کردنەوەی دەرگای باسەکەیە، ئەوجا عەتا قەرەداخی داوا دەکات: " گەرەکە گوتار ڕوویەکی شارستانی مرۆیانەی هەبێت"!. لەدیدی قەرەداخییەوە ئەمەش بەوە دەبێت: " ئەم گوتارە لەسەر بنەما و مانای ڕەتکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی گوتاری ئەوانی تر بنیات نەنرێت. بەڵکە گوتاری ناوبراو هەر چۆن ڕەوایەتی بە بوونی خۆی دەدات، بە هەمان شێوەش، ڕەوایەتی بە بوونی ئەوانی تر بدات. واتە نابێت گوتاری نەتەوەیی کوردی، ڕەگەزەکانی بە سووک یان کەم سەیرکردنی ئەوانی تر بارگاوی کرا بێت". ئەم بۆچوونەوە بەدیوێکدا ڕاستە نابێت بە چاوی سووک و کینەوە تەماشای گەل و نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی تر بکەین. بەدیوێکی تر کاک عەتا داوای ئەوەمان لێ دەکات، ئەوانە ڕەت نەکەینەوە و هەڵوەشێنییەوە، ڕێزیان لێ بگرین و بە چاوێکی بەنرخەوە تەماشایان بکەین!. ئەگەر وانییە، چۆن قسەی وا دەکات!؟. ئاخر پێویست بوو قەرەداخی ئاماژەی بە گوتاری ئەوان بکردایە و ڕوانگەی ئەوانی بخستایەتە بەرچاو و پێگە و بوون و نرخی بوونی کوردی تێدا بخوێندایەتەوە. بەڵام قەرەداخی هەر داوا لە کورد دەکات، گوتارەکەی مرۆڤدۆستی و مۆدێرن و شارستانی بێت. کە لە هەقیقەتدا گەوهەری گوتاری نەتەوەیی کورد، بەم تێڕوانینانە بەرجەستە بووە.

ئەم پێناسە و دیاریکردنە بۆ گوتاری ناسیونالیستی کوردی، وەک وشە و ڕستە و مانا، جوان دارێژراوە، لێ تەواو تەواو پێچەوانەی واقیعی مێژوویی و ئەزموونەکان و ئەرگومێنتەکانە. ئاخر گوتاری ئەوانی دیکە! گوتارێکی نەک بارگاوییە بەو دوو سیفەتەی باسکراوە، بگرە ناوەرۆک هەڕەشە ئامێز و هەڵچووە لەسەر بناخەی کوشتن و بڕین و قڕکردنی کورد. گوتاری ئەوان داوای ژیانە بۆ خۆیان و مەرگیش بۆ کورد،بەواتایەکلی تر لە بوونی کورددا مەرگی خۆیان دەبیننەوە. گوتاری ئەوان باوەڕی بە بوونی تۆ نییە، تۆی کردۆتە پاشکۆی خۆی و هەوڵی لەناوبردنت دەدات. کەواتە ڕەتکردنەوە و بەربەرەکانی و هەڵتەکاندن و هەڵوەشانەوەی ئەم گوتارە، ئەرکێکی سەرەکییە و دەرفەت بە تۆ دەدات، گوتارێکی تەندروست و شارستانی هەبێت. جەخت دەکەمەوە بێ خۆهەڵدانەوە ناوەڕۆکی گوتاری نەتەوەیی بۆ خۆی لەم ڕووەوە گەش و بێگەرد و لێوانلێوە، لە بەخشندەیی و مرۆڤدۆستیی. گەرنموونە بخوازن هێندەی ژمارەی شەهیدانی کوردستان نموونەمان لەبەر دەستدایە.

بە واتایەکی تر قسە سەوز و سوورەکانی کاک عەتا، هی سکی تێر و باخەڵ فەرمحی و کەوتن بە شەوارەی دەقی کۆمەڵێ کتێبی تۆز لێ نیشتوون و هەڵەوەرییەکی بێ بنەمای دوور لە واقیعە و بە پۆزلێدانەوە و بە هەڵە کراوە. ئەگەر کاک عەتاش پێویستی بەوە بێت، جارێکی تر وێنەیەکی مێژوویی گوتاری خوێناوی و شەڕانگێزی نامرۆڤانە و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی **تورک و فارس عەرەب** بەسەر بکەینەوە، ئەوە خوێنەری کورد ئەو نمایشتەی پێویست نییە.

**بێشکچی** گەورە زانای سۆسیۆلۆژی تورک دەڵێ": دوژمنایەتیکردنی کورد و داگیرکردنی کوردستان،یەکجار بە دڕندەیی و خوێنڕێژانە کراون. بنیادەم ببڕای ببر نموونەیەکی تری بۆ ئەم دڕندایەتی و کۆنەپەرستییە لە هیچ جێیەکی تری جیهاندا بۆ نادۆزرێتەوە. کورد و کوردستانیان بە ڕادەیەک زەوت کرد،کە هەتا ناوی هەردووکیان لەسەر ڕووی زەوی سڕانەوە".

گوتاری ناسیۆنالیزمی تورکی، باوەڕی بە کورد نییە و هەڵگری هەرچی ڕەگەزە نامرۆڤایەتییەکانی مێژووە. گوتاری فارس، تۆی وەک برا بچووک و ئامۆزاش قبووڵ نییە، دەبێت ملکەچ و پاشکۆی خۆی بیت جێگەت لە چوارچێوەی بۆتەقەی ئێرانچێتیدا بێت. گوتاری عەرەبیش، جارێک بە ئومەی ئیسلامی و جارەکەی تر بە کوتەکی دەستی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی داناویت و نیشتمانەکەشت بە هی عەرەب قەبڵێندراوە. لە هەر سێ گوتارەکەدا، کورد وێنا کراوە بە شەیتانێکی نەفرەت لێبوو. کوشتنی کورد و لەناوبردنی بە هەموو مەزهەبەکان حەڵاڵ کراوە. ئەوەتا سێبەری ئەم گوتارە لە بواری سەربازی و ئابووری و ڕۆشنبیریی و سیاسی و هەموو بوارەکانی تر چەندین سەتەیە شانی قورسی داداوە، لای ئەوانەی لەسەر حوکم و ئەوانەشی بەڕێوەن دەسەڵات بگرنە دەست. نموونەی حکومەتەکانی تورکیا و ڕژێمەکانی ئێران و حکومەتەکانی عێراق و دەسەڵاتەکانی سووریا، مێژوویەکی زیندووە.

من لێرەدا نموونە لە خودی کتێبەکەی نووسەرەوە دەگوازمەوە بۆ بەرچاوی خوێنەر، تا ئەو دژبەیەکییەی کاک عەتا پێوەی گرفتارە بخەمە ڕوو. جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: " قەڵەمی دوژمن جارێ ئێمەی کردووەتە جنۆکە ،جارێ ئێمەی کرووەتە زۆڵ، جارێ ئێمەی کردووەتە نەتەوەی کوردی کوڕی مەرد، جارێ ئێمەی کردووە بە فارس، جارێ پیاوانی ئازامانی ناوناوە دز و درۆزن و شوانە وێڵە، ئەمەشیان بۆچۆتە سەر" .

ئەوەی جێی سەرنجی وردە، هەر سێ گوتاری ئەوان دژ بە کوردە، بە ناوەڕۆک دژ بەیەکتریشن، کەچی هەمیشە پێکەوە کۆکن لەسەر نکۆڵی و قڕکردنی ناسنامەی کوردبوون. لە نێو خۆیاندا بە بەرنامەن و هاوکار و هاوپەیمانن. بەکورتی و کرمانجی لە پشت گوتاری هەر سێکیانەوە، دەیان پرۆژەی ئاشکرا و نهێنی بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی بزاڤی کورد و ناسنامەکەی هەیە. مامۆستا **مەسعوود محەمەد** لەم ڕووەوە ـ خەباتی ئینتەرناتسیۆنالی ئایینی یان ئایدۆلۆژیایی کورد ـ خاوەنی وتەیەکی هێجگار جوانە و دەڵێ ئەم جۆرە بیرکردنەوە وەک ئەوەیە: " سواڵکەرێک دەستکەوتی ڕۆژێکی سوڵکردنی خۆی دەخاتە سەر سامانی ملیۆنێرێک، لە بەرانبەریشدا نە سوپاسی دەکرێ و نەخەڵات دەکرێ".

جا کاک عەتا وەرە و تێمان بگەیەنە، کورد و گوتارەکەی لەم ڕووبەڕەدا، چ شوێنێکی پێ دەبڕدرێت؟!. یاخود چۆن ڕەفتار بکەن. دواتر دەڵێ: " هیچ کام لەو نووسەرانە نەبوونەتە خاوەنی گوتاری تەواوی نەتەوەیی، بەو مانایەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی کە تەنیا لە سەربەخۆیی و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە" . ئێمە بەوردی کاردەکەین لەسەر ئەم بۆچوونە، لە چوارچێوەی بەرهەمی ئەو کۆمەڵە نووسەرەی قەرەداخی دەسنیشانی کردوون. دواتر ئەم نووسەرانە بەسەر چەند گرووپ و ئاراستەیەکی جیاوازدا دابەش دەکات. پێشتر ئاماژەمان بە پان عەرەبیزم و چەپ کرد. بەشێکی تریان پۆلێن کراون بەوەی لەژێر کاریگەرێتی ئایین دان، بەتایبەت ئیسلام و ئەوی تریشی لەژێر کاریگەرێتی گوتاری دواکەوتوو و داخراوی ناسیۆنالیزمی عەرەب، کە خاسێتی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیزمی هەیە. کاک عەتا دەیەوێ ئەم ناونیشان و بکاتە دەروازەی تۆمەتبارکردنی، ڕەوانشاد **جەمال نەبەز** و کاژیک و پاسۆک،بۆیە لێرەدا ڕیزبەندییان دەکات. دواتر دێینە وێزەی ئەم بۆچوونەی قەرەداخی.

هەر لەم پێوەندییەدا تۆمەتی ناوچەگەرێتی و خێڵایەتی و سەربەخۆخوازی بۆ یەک بەشی کوردستان دەداتە پاڵ **مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەز** و ئەوانەی خاوەن گوتاری ڕاستەقینەی ناسیۆنالیستانەن.

لەبەرئەوەی جارێ قەرەداخی دەرگای پرۆژەکەی دانەخستووە و بەردەوامە لەسەر کارکردن لەسەری، وەک لە پێشەکییەکەیدا پێمان دەڵێ:" ژمارەیەکی دیاری تر لە نووسەر و مێژوونووسان ماون کە بەرهەمەکانیان لە ڕوانگەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە شایانی قسە لەسەر کردنن". بۆیەکا منیش نامەوێ پێش بکەوم و ناوی ئەو نووسەر و خاوەن گوتارەنەتەوەییانە / ناسیۆنالیستانە بەرم، کە کاک عەتا ناهەقی گەورەی دەرهەق کردوون.

ئاخر مێژوو وێنەی لەبیرکراو و فەرامۆشکراوەکانمان بە جۆرێکی تر نیشان دەدات. چونکە هیچ پێوەرێک و خوێندنەوەیەک بۆ ئەم کارەی نووسەر دەرک پێناکەین،نازانین بۆ لەبیری کراون؟!. ئەوانەی لەم کارەی قەرەداخیدا شایستەی بەرزن، بکەونە ناو ئەم خوێندنەوەیەوە، جگە لە ڕەوانشادان مامۆستا مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەز، هەر یەک لە ( **شەرەفخانی بەتلیسی و ڕەفیق حیلمی و عەلادین سەجادی و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکور مستەفا)** یە. **خوێنەری کورد ئاگادارە ئەمانە** بە شاکارەکانیان، مێژوویان، بیر و هزریان سەلماندوویانە خاوەنی گوتاری ناوبراون.ئەم ڕاستییەش چ دەمەتەقێیەک هەڵناگرێ و لای خوێنەری کورد بڕاوەتەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا گەرەکمە بەشێکی هەرە زۆری ئەو هەڵە و خراپ تێگەیشتن و شێواندنەی لکاندوویەتی بە هەردوو مامۆستایان مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەزەوە، راست بکەمەوە و رووناکی دروست بخەمە سەر راستییەکان. تا وێنە راستەقینە و بێ رتووشەکەیان وەک هەن بخەمە بەردەست خوێنەری ئازیز.

بە کورتی بۆ ئەوەی بە خێرایی زانیارییەکی گشتی ئەم کتێبە بەخشمە خوێنەران، قسە لەسەر یەکە بە یەکەی ئەوانە دەکەم خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

**شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣ـ ١٦٠٤**

شەرەفخان لەسەدەی ١٦ دا شەرەفنامەی بە زمانی فارسی نووسیوە. کاتێ کورد لە پەراوێز و تاریکایی مێژوودا ناشیرین کراوە، ئەم مێژوونووسە، دێت رایدەکێشێتە مەیدانی بوون و دەیهێنێتە سەر شانۆی بوون و بەپێوە رایدەگرێت و هەوڵ دەدات تیشکی رووناکی بخاتە سەر تاریکستانەکەی..

شەرەفخان بە تۆمارکردنی رووداوەکان و باسکردنی دەسەڵات و حوکمڕانییە کوردییەکان و بیرکردنەوە لە کێشانی نەخشەی کوردستان و کێشانی سنوورەکەی تا دەگاتە دیاریکردنی رەگەزی سەربەخۆی کورد لەو ئالۆزییەی لە ناوچەکەدا هەبووە، بەم هەموو بیرکردنەوە و کار و خزمەتە نەخشەی ناسنامەی کورد و کوردستان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیە دەنەخشێنێ. سەردەمی ئەویش هەردوو بەرداشی سەفەوی و عوسمانی لە ئارادا بووە،لەگەڵ ئەوەشدا تائەوپەڕی گونجان هاوسەنگێتی رادەگرێ، دواجار فاکتی ئایین سەنگەری دیاری دەکات و دەکەوێتە لای عوسمانییەکان و شەڕی سەفەوی شیعە مەزهەب دەکات.

سەرباری کۆمەڵێ باری سەرنج و تێبینی، هێشتا شەرەفخان پانتاییەکی گەورەی لە گوتاری نەتەوەیی کوردی داگیر دەکات. شەرەفخان ٤ـ٥ سەدە لەمەوبەر هزر و ئەندێشەی هەبووە و بەدوای ناسنامەی نەتەوەکەیەوە بووە. کاک عەتا خوێندنەوەیەکی وردی بۆ کردووە و کەموزۆر هەقی خۆی داوەتێ.

**محەمەد ئەمین زەگی بەگ ١٨٨٠ ـ ١٩٤٨**

**فەرهاد شاکەلی** دەڵێ:" ئەوانەی لە توریاوە گەڕانەوە دوو دەستە بوون تۆفیق وەهبی،محەمەد ئەمین زەکی ،رەفیق حیلمی و پیرەمێرد. ئەگەر بە تێرمە سیاسییەکەی ئەم سەردەمە قسە بکەین،دەتوانم بڵێم پیرەمێرد و حیلمی کوردستانی بوون. وەبی بەگ و زەگی بەگ عێراقچیبوون. پیرەمێرد و حیلمی لە نەتەوەکەی خۆیانەوە نزیکتر بوون،وەهبی بەگ و زەگی بەگ زیاتر خانەدان و ئەریستۆکرات بوون و نەیاندەویست دڵی کورسی و دەسەڵاتیان لێ بڕەنجێ".

قەرەداخی باسی لە ژیاننامەی کردووە. ئێمە هەموو ئەوە دەزانین دوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانی زەگی بەگیش یەکێکە لەوانەی بە پلەیەکی بەرزی سەربازییەوە دەگەڕێتەوە وڵات. چونکە دەوڵەتی فرە نەتەوەیی عوسمانی بە ئایینی ئیسلامەوە وردە وردە ناسنامەی دەوڵەتی تورکی لە خۆدەگرێت. بەڵام هەر زوو لەسەر داوای ئینگلیز رووەوە بەغدا دەچێ بە هانای دەوڵەتە دروستکراوەکەی عێراقەوە. ئەمیش گوایە بەهەمان پێوەر دەوڵەتی فرە نەتەوەیی موسڵمان ! لەوێ رۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی سوپای عێراقدا دەگێڕێ و وەک پیاوێکی ئەرستۆکرات و پیاوی دەوڵەت پلەوپایەی پێ دەبەخشن. ئەم پێگە و خزمەتە بە عێراق لە کاتێکدایە، کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە شۆڕشدا بووەبۆ سەربەخۆیی بە دەوڵەتبوون.

دواتر لە بەرەو کۆتایی تەمەنیدا وردە وردە هەست و نەستێکی کوردانە دەیخاتە بەردەم پرسیاری قەومی کورد لە چ نەتەوەییەکە، چی بەسەر هاتووە؟ ئەم بیرکردنەوەیە ناچاری دەکات دەست بە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و کوردستان بکات. کۆمەڵێ بەرهەمی مێژوویی دەخاتە کتێبخانەی کوردییەوە. نووسینەوەکانی بە زمانی کوردی دەبێ،ئەگەرچی داوای لێ دەکەن بە عەرەبی یاخود بە تورکی بەرهەمەکەی بنووسێ. عەتا دەڵێ:" ئەم و بەشێکی تری ئەوانەی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە گەڕانەوە لە رووی تیۆرییەوە گوتاریان بارگاوین بە ناسیۆنالیزم و لە رووی کردەییەوە پان تورکیزم و دواتر پان عێراقیزمە. بە هەرحاڵ عەتا ئاماژە بە کتێبێکی ئەمین زەکی نادات،ـ **دوو تەقەلای بێ سوود"** کە هەوڵێکی گەورەیە بۆ بیر و تێکۆشان و پرۆژەی داخوازییەکانی ناوبراو بۆ کورد و گوتاری نەتەوەییانە و رەنگە کۆمەکێکی باشتری بە نووسەر بکردایە. ئەوەی لێرەدا ئەمین زەگی وەک پرۆژە بۆ کورد لە حکومەتی عێراقی دەکات،دەوڵەمەندە بە داخوازیی نەتەوەیی. لە پەیرەو و پرۆگرام و داخوازی گەلێ حیزبی کورد ئەوسا و هەتا ئێستاش زیاترە. بۆیە گرنگ بوو، قەرەداخی لێی بەئاگا بێت، تا مافی تەواوی بداتە ئەمین زەگی بەگ.

**شێخ محەمەدی مەردۆخی کوردستانی ١٨٨. ـ ١٩٧٨**

ئەم مێژوونووسە لە نێوان گوتاری کوردی و ئێرانی، سووننە و شیعەدا بە گشتی کوردییەکی هاوبەشی فارسی لە ئێراندا و سووننەیەکی ناکۆک بە شیعەدا بووە.

خۆی بە عەرەب نەزانیوە و هێرشەکانی ئیسلامی بەداگیرکاری و زیان بە کورد و کولتوورەکەی داناوە. زۆر بە قووڵی باوەڕی بە هاوچارەنووسی کورد و فارس بووە. کەواتە سێکوچکەی کوردبوون، سووننەبوون و ئێرانی بوون، زەمینەی بیرکردنەوەی ئەو بووون. دەکرێ بکەوێتە خانەی خاوەن گوتاری پان ئێرانیزم. ئێرانیش بە موڵکی دوو ڕەگەز کورد و فارس نەژاد ئاری بینیووە. لە ڕوانگەی ئەم سەردەمەوە دەکرێ بڵێین باوەڕی بە برایەتی کورد و فارس هەبووە و ڕاستگۆیانەتر ئێرانچێتی هەبووە. وەک زۆربەی هەرە زۆری سیاسییەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مێژووش هەزاران لاپەڕەی بە ڕووداوی سەیروسەمەرە و تراژیدیاوە لەم بوارەدا بۆ تۆمار کردووین. قەرەداخی خوێندنەوەیەکی باشی بۆ کردووە و مافی خۆی داوەتێ بەو گوتارەی ئاماژەمان پێدا.

**ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨ ـ ١٩٦٠**

حیلمی هێشتا گەنجێکی خوێن گەرمە بە گیانی بەرزی کوردایەتییەوە دەردەکەوێ و خێرا دەبێتە جێی سەرنج و هیوای شێخی نەمر. حیلمی بە وزە و هێزێکی گەورەوە دەچێتە نێو ڕووداوە پێچەڵپێچەکانی ئەو ڕۆژگارەی دوای دارمانی عوسمانی و کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی و هاتنی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و شۆڕشی شێخی نەمرەوە. پەیمانی سیڤەر و سەرنەکەوتنەکانی **شەریف پاشا** و نەگەشتی دەنگی کورد بە جیهان ، دەبنە جێی پەرۆشی گەرمی مامۆستا حیلمی. بە هەموو پێوەر و نیشانەکان حیلمی کەسایەتیی و سیمبۆڵێکی دیاری نەتەوەیی کوردە و بە هزر و چالاکی سیاسی و زرنگانەوە، بە ئاگا و خەمخۆر لە کایەی ئەدەبیشدا کاری بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی کردووە. پاشان گەورە ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگری واقیعبینی سەردەمەکەی خۆی بووە. کۆمەڵێ زمانی زانیوە، ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهان بووە. لە هەمووی گرنگتر، خاوەنی سەرنج و تێبینی زۆری خۆی بووە لەسەر شۆڕشەکەی شێخ و کەسانی دەوروبەری، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی وەک زۆری تر بچێتە بەغدا و لە ئینگلیزەکان نزیک بێتەوە و یان لە ئۆزدەمیر و تورکەکان، بە پارە و پلە و پایە فریو بخوات، لێ چونکە ڕەسەنایەتی باوەڕە کوردایەتییەکەی توووند گرتبوو، پشتی شێخ بەرنادات و سەنگەرەکەی کوردایەتی چۆڵ ناکات. ئەمەش گەورەترین بەڵگە و شانازی ناو و مێژووی مامۆستا رەفیق حیلمییە.

مامۆستا بەردەوام دەنووکی لەسەر هۆشیارکردنەوەی کورد و هاندانی خوێندەواری و بایەخدان بە ڕۆشنبیران بووە. کاری بۆ پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی کردووە، سەنگی خۆی لەنێو تەوژمی پان تورکیزم و ئینگلیزدا نەدۆڕاندووە. هیچ کاتێ بیری لە بەرژەوەندی خۆی نەکردۆتەوە. بەرهەمەکانی یاداشتەکان بە تایبەت و کارە ئەدەبییەکانی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بیروبۆچوونی نەتەوەیین و لێوانلێون لە ڕەگەز و توخمەکانی گوتاری هۆشمەندانەی ریالیستی نەتەوەیی کوردی. هەڵبژاردنی بە سەرۆکی حیزبی هیوا و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی پڕ لە تێکۆشانی کوردایەتی،هەموو بەڵگە و گەواهی ئەوەن حیلمی نەک هەر خاوەنی ڕەگەزی گوتاری نەتەوەیی بووە، بگرە لەزۆر بواردا بەرجەستەش کردووە.

گەرچی قەرەداخی پێی وایە وتاری حیلمی گوتارێکی نەتەوەیی تەواو نییە، چونکە بۆ کوردستانی گەورە نەبووە و تەنها بۆ باشوور بووە. لێ پێم وایە غەدرێکی گەورە لە مامۆستا حیلمی دەکات. ئاخر ئەو سەردەمە گەرمەی کڵپەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لە باشوور لە ئارادا بوون. بەڵگەیەکی تریش حکومەتەکەی شێخ هی بەشی باشوور بووە، واتە بەشەکانی تر، لە بیرکردنەوەدا ئامادییان هەبووە، لێ دەرفەتەکە جارێ بۆ باشوور کراوە بووە. چەندین جار مامۆستا جەمال نەبەز، کە دۆستێکی هێجگار نزیکی مامۆستا حیلمی بوو، حیلمی وەک کەسایەتی و سیمبۆلێکی گەورە دادەنا، باسی بیروباوەڕی کوردستانی گەورەی حیلمی بۆ کردووم. جگە لەم خاڵە کاک عەتا پۆترێتێکی جوانی تەمەنە کورتەکەی حیلمی کێشاوە.

**عەلادین سەجادی ١٩٠٧ ـ١٩٨٤**

ماموستا **فەرهاد شاکەلی** پێی وایە: " لەنێو دەستەی ڕۆشنبیرە کلاسییەکانی کورد، کەس هێندەی سەجادی بە بەرنامە کاری نەکردووە، کاری حکومەتێکی کردووە، چونکە زانیویەتی کورد حکومەت ؟ دەوڵەتی نییە".

سەجادی کاری لەسەر مێژووی کورد کردووە، مێژووی ئەدەبی نووسیوەتەوە، خزمەتی بە فەرهەنگ و زمان کردووە.بە هەموو مانای وشە هوشیاریی فەرهەنگی هەبووە و بایەخی داوە بە بەیت و بەسەرهات و دابونەریتی و تایبەتمەندێکانی کوردی تۆماری کردوون. هەرچی بەردەست کەوتبێت بۆ تەواوکردنی پرۆژە فەرهەنگییەکەیی و چەمکی کوردبوون کردوویەتی. هەموو خەون و ئاواتی ڕزگاری و سەربەخۆیی بووە، بەواتایەکی دیکە کوردیش ناوی ون نەبێت و بێتە نێو ڕیزی گەلانی خاوەن کیانەوە. تێکۆشاوە بۆ یەکێتی و یەکبوونی کورد. زۆر شارەزای مێژووی نەتەوەکەی بووە و لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی باش ئاگادار بووە. ناوی سەجادی لە پێناسەی ناسنامەی کورد جیا ناکرێتەوە. تەمەنێکی دەوڵەمەند بە خزمەت بە کوردبوون واتە ناوی سەجادی. تەمەنێک کە باڵای خزمەتەکانی لە باڵای خۆی بڵندتر دەنوێنێ. ئەمیش لەو کەسانەیە باوەڕی بەوەیە بیری نەتەوایەتی خۆڕسکە و بەرهەمی هیچ چین و قۆناغێک نییە و ڕۆڵی تاکەسی بە گرنگ زانیوە، وەک لوتکەی هەرەم یاخود شوان و بەرپرسی کاریزمایی گەل. لە پشت ئەم بۆچوونە هزرێکی دیاری کراو هەیە. گوتاری ئەم کەڵە پیاوەی کورد هەمیشە بارگاوی بووە بە نەتەوەیی بوون و خەونە پیرۆزەکانی نەتەوە بندەستەکەی.

سەبارەت بەمیش کاک عەتا، دەنووسێ: گوتاری مێژوویی سەجادی تا ئەندازەیەک بارگاوی کراوە بە بەشێک لە ڕەگەزەکانی ناسیۆنالیزم، بەڵام نەگەشتووەتە ئاستی گوتاری خاوەن شوناسی ناسیۆنالیزم، کە بە زانیاری سەربەخۆیی و دەوڵەت بە تەواوی بارگاوی کرا بێت.

من پێم وایە ئەمە کاتێ ڕاستە گەر بێت و کەسایەتی سەجادیمان لەبەرچاومان نەبێت. ئەو نە سیاسەتی کردووە و نە ویستوویەتی وەک بیرمەندێک ئامادەیی هەبێت. ئەو لەتەک سەختی ژیانیدا لە بەغدا، ویستوومیەتی بایی ئەوەی هەلومەرج و بێگانە و ناوخۆیی لێ پەسەند دەکەن، وەک ڕۆشنبیرێک بە کار و خزمەت و بیرکردنەوەکانی، بەشداری لە داڕشتنی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا بکات. ئاشکراشە خەرمانێکی گەورەشی لە خزمەتکردن لەدوای خۆی بۆ بەجێهێشتووین.

**ئیبراهیم ئەحمەد ١٩١٤ ـ ٢٠٠٠**

من چاپی دووەمی کتێبی **الاکرادوالعرب** ی ساڵی ١٩٦١م خوێندۆتەوە، بە پێشەکییەکەی ڕەوانشاد **مام جەلالەوە**. ئاگاداری تەواوی ژیانی سیاسی برایم ئەحمەد و بیرکردنەوەکانیم. بەختیش یاوەرم بوو، لە ڕۆژی ناشتنەکەیدا لە گردی سەلیم بەگ لە ڕیزی هەرە پێشەوە بووم. لەوێ کاتێ برادەرانی ڕێکخەر و بەڕێوەبەری سەرامۆنییەکە بە سەرکردایەتی ڕەوانشاد **نەوشیروان مستەفا** و زۆرینەی سەرکردایەتی یەکێتی، بە دوو زمان قسەیان لە بارەی برایم ئەحمەدەوە دەکرد. بە کوردی بە ماموستای کوردایەتی ناویان دەهێنا و هەمان چرکە لەبەر خاتری دڵێ میوانە عێراقی و ئێرانییەکان بە زمانی عەرەبی، بە بیرمەندی عێراقی ناویان دەهێنا. ئەم دووفاقییە لە بیرکردنەوەدا نیشانە و بەڵگەی هەر هەموو شتێکە. مام جەلالیش و تێکڕای یەکێتی سەردەمانێکی زۆر بە گوتار و جولانەوەیانەوە بەرۆگری ئەم هێڵە فیکری و سیاسییەن، کە ماموستا برایم ئەحمەد بۆی ڕەنگڕێژ کردوون. .هەر لەم باوەڕەوە دروشمی " لەسەر بەردی بناغەی برایەتی کورد و عەرەب پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وردوخاش دەبن". هەوڵ بۆ بەرجەستەکرنی درا. هەروەک کاک عەتا قەرەداخیش لە خوێندنەوە ورد و بە دیقەت و بابەتییەکەیدا ئەمە دەسەلمێنێ.

بە کورت و کرمانجی چەقی بیرکردنەوەی برایم ئەحمەد، ڕازیبوونە بە واقیعی ناسروشتی داسەپاو بەسەر کورد دا و هەوڵی دامەزراندنی برایەتی!!!! لەتەک عەرەب دا گەوهەری بیری ئەو هێڵە سیاسییە، لە دوای بەجێهێشتنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە پەیڕەو کراوە.

لە ڕاستیدا عەتا قەرەداخی، هەموو هەقێکی بە برایم ئەحمەد داوە وەک خاوەن ناگوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بە برایم ئەحمەد دەدات و خوێندنەوەیەکی ورد و ئەقلانی بۆ ئەم بەرهەمەی دەکات. عەتا دەڵێ بەرهەمێک: ١ـ شەڕی عوسمانی و سیاسەتی خراپیان بەرامبەر بە کورد و عەرەب ٢ـ مێژوویەک لە برایەتی و هاوچارەنووسی کورد عەرەبی لە خۆ

گرتووه . له گەشتێکدا بۆ سەلماندنی ئەم بنەما برایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئیسلام، کورد چی بۆ عەرەب کردووە. ئیسلامیش وەک دەسەڵاتێک یەکسان خواز و ئاشتی بۆ گشت لایەک دەخاتە ڕوو.

مێژوو باسی ئەوە دەکات، کاتێ دەوڵەتی عوسمانی، پیاوە نەخۆشەکە، کەوتە سەرە مەرگ، هێزە هاوپەیمانەکانی ئەو سەردەمە ئینگلیز و فەرەنسا،هەوڵییان دا نزیک بنەوە لە ناوچەکە، بە نێتی دەست گرتن بەسەر میراتی ئەو ئیمپراتۆرییەدا. ئەو کاتەی سوڵتان هەستی بە نزیک بوونەوەی هێزی کافرەکان دەکات، فەتوای کوشتنیان ڕادەگەیەنێت. بەرامبەر بەمە ئینگلیز بیرۆکەی زیندووکردنەوەی پەیامی ئیسلامی دەخاتە گەڕ. دەست دەکات بە گەڕان بەدوای خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئیسلام دا. ئەوە بوو بنەماڵەی هاشمی دەستنیشان کرد، هانیان دان و تێیان گەیاندن پێویستە شمشێری ئیسلام هەر بەدەست ئێوەوە بێت. ئیدی عەرەب بە ڕووی عوسمانیدا ڕاپەڕی و ئینگلیزیش بووە هاوکار و ئەندازیاری زۆرینەی دەوڵەتە تازە دروستکراوەکانی عەرەب. بەکورتی ئینگلیز وەک ڕزگارکەری عەرەب هاتە مەیدانەوە. **لۆرانسی عەرەب** و خاتوونی عێراق **مسس بێل** دوو کارەکتەری جێبەجێکاری ئەم پرۆژەیە بوون.

دوای ئەوە عوسمانی ڕوخا و دۆڕا ئینگلیز نەخشەی ناوچەکەی کێشا و دواتر گەلێ ڕاپەڕین بەڕوویدا بەرپابوو، بیرۆکەی کشانەوە لای ئینگلیز سەری هەڵدا. کشانەوەیەک بە مەرجی ئەوەی حکومەت لەو دەوڵەتە تازانەدا پێک بێت و لە لایەن دەستەیەکی کەمینەی دەستەبژێرەوە سەر بە خۆیان لە دوورەوە بە ریمۆنکۆنترۆڵ بێنە سەر حوکم و هەر خۆیان ببیەن بەڕێوە. پرۆفیسۆری مێژوو، Dietmar Rothermund لە تێزە بەناوبانگەکەیدا بۆ ناسیۆنالیزمی ئاسیا دەڵێ: دەوڵەت و سنوورەکەی لە ئامانجی لەبەرچاوگرتنی ناسیۆنالیزمدا هەیە، خاوەن دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی پێشوو بڕیاری لەسەر دەدەن. ـ واتە ئینگلیز هەڵۆ ـ کورد لە عێراقی تازە دروستکراو دا، ملی نەدەدا... ئیدی بە هەموو جۆرێک و بە زۆر و فروفێڵ و ستراتیژ و تاکتیکی جیاواز کەوتنە رازیکردنی کورد بەوەی مل بە عێراقی تازە دروستکراو بدەن. یەکێ لە کارەکانیان دروستکردنی رێکخراوی کوردی و هاندانی خەڵکی کورد بوو بۆ گیانی برایەتی کورد و عەرەب وەک دروشم و بەرجەستەکردنی عێراقچێتی لای کورد.خوێنەوار و دەستەبژێری کورد لە بەرایی ئەلتەرناتیڤەکانی بەردەستی ئینگلیز بوون. ئەم کتێبە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە و کتومت لەگەڵ سیاسەتی ئەوان! وەک بڵێی لەسەر داخوازی ئەوان هاتۆتە نووسین !! .

لەم ڕووەوە د. کەمال مەزهەریش لە کتێبی **" کرکوک و توابعها حکم التاريخ والضمير"** دەڵێ: لە کۆنگرەی قاهیرە کاتێ باسی کێشە و هەرای کورد دەکرێ بڕیار دەدەن" ان تدار بصوره من قبل المندوب السامی، و تبقی منفصله عن العراق نفسه" الی ان يتم ظهور" رآی عام کردی معتبر يوثر الانضمام الی العراق".ل ١٢١. واتە بڕیار دەدەن کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن منداتی بەریتانییەوە بەڕێوە ببرێ و بۆ خۆی سەربەخۆ بێت لە عێراق، هەتا ڕایەکی گشتی کوردی کاریگەر سەرهەڵدەدات بۆ خۆ لکاندن بە عێراقەوە". ئەمەش دەقاودەق واتە عێراقچێتی. گرنگە ئاماژە بدەین، ئەم ئاڕاستە لە کاتێکدایە، هێشتا کڵپەی شۆڕشەکانی شێخ بە تەواوی دانەمرکاوەتەوە.

ئەم سیاسەتەی ئینگلیز کتومت لەگەڵ ئەو سیاسەتی دژی شێخ مەحمود و داواکارییەکانی کورد دا هاوجووتە. کاتێ ئینگلیز لەنادیاری شێخ دا بەدوای ئەڵتەرناتیف دا دەگەڕا، و هەوڵەکانی لەگەڵ **حەمدی بەگی بابان** و **مستەفا پاشای یامولکی** ، بەڵگەیەکی گردەبڕی ئەم ڕاستییانەن. بەڵام کەسیان توانای دژایەتی شێخیان نەبوو، یاخود ئامادە نەبوون بچنە ئەو ململانێیەوە!.

وەک ئاماژەم پێدا قەرەداخی کاری دروستی خۆی کردووە و من چ زیادەیەکم نییە بیخە سەر خەرمانی باسەکان. بەڵام ئەوەی لێرەدا جارێکی تر دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە چۆن کاک عەتا لە بری خەڵکی تر ناوی برایم ئەحمەدی خستۆتە پرۆژەکەیەوە؟. لە کاتێکدا بیرکردنەوە و گوتاری بەڕێز برایم ئەحمەد دەکرێ بچێتە ژێر ناوی ئەنتی نەتەوەیی یاخود نانەتەوەی کوردییەوە؟!. ئایا ئەمە کاری ڕێکەوتە یاخود بە ئەنقەست هێناوێتییە پێشەوە؟!. کاک عەتا بەر لە ئێمە دەڵێ: گوتاری برایم ئەحمەد گوتارێکی پان عەرەبی و عێراقیزمە. بەواتایەکی ئاشکرا و بەهێزتر دەڵێ: " ئەوەی خزمەتی نەتەوەی خۆی نەکات لەو بوارانەدا بۆ نەتەوە و مێژووەکەی هیچ نرخ و بەهایەکی نییە". لە شوێنێکی تردا توند تر قەڵەم لەسەر بۆچوونەکەی دادەگرێ و دەنووسێ:" خزمەتکردنی کەلتووری مرۆڤایەتی بە گشتی خاڵێکی گەشە، بەڵام خزمەتکردنی ئەندامانی نەتەوەی بندەست بە کەسێک و کەلتوور و عەقڵ و بوونی نەتەوە و کەلتوور و عەقڵی نەتەوەی سەردەست ملکەچی و خزمەتکاری و خۆ سوکردنکردنە لەبەردەم ئەو سەردەستەدا".

کتێبی کوردەکان و عەرەب، پتر پاکانەیە بۆ خراپەکارییەکانی عەرەب بەرامبەر بە کورد و باسی برایەتییەکی بێ بنچینە و واقیعی دەکات. بە هەموو مانایەکی خزمەتکردنە بە عێراقی بەچکەی ئینگلیز و پاراستنی و وەستانەوە بەرامبەر بە ناحەزانی تورک و عەجەم. بەدوای سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە سیاسییەدا، دروشمی پووچەڵی " لەسەر بەردی بناغەی برایەتی کورد و عەرەب پلانەکانی ئیمپریالیزم وردوخاش دەبن". بووە دروشمێکی دیاری ئەم بەرەیە.

عەتا قەرەداخی لە لاپەڕەکانی ١٣٦ ـ ١٣٧ دا زۆر بە توندی گوتاری برایم ئەحمەد ڕەتدەکاتەوە و بە " ملکەچی و پان عێراقیزمی لە قەڵەم دەدات " . کاک عەتا هیچ ئاماژەیەک بە شاکارەکانی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا نادات. دیارە ناوی برایم ئەحمەد لە شیعر و ڕۆمان و گۆڤاری گەلاوێژ دا مێژوو و پێگەیەکی گەشی جیاوازی هەیە.

**مەلا جەمیلی رۆژبەیانی ١٩١٣ ـ ٢٠٠١**

مێژوونووسێکی هەڵکەوتوو و دیار و دەستڕەنگینی کوردە و مێژوویەکی لێوانلێوی لە خزمەت و هەڵوێستی کوردانە بۆ تۆمار کردووین. بایەخی زۆری بۆ مێژووی کۆنی کورد هەبووە و کاری وەرگێرانی لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە کردووە. قورسایی کارەکانی لەبواری مێژوودایە پێی وابووە ئەوەی نەتەوە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە مێژووە. ئەمەش نیشانی دەدا ئەم مێژوونووسە چەند لە پەرۆشی بنەمایەکی گرنگ و هەستیاری دۆزی نەتەوەکەیدا بووە. بۆیە قورسایی کاری خۆی بۆ مێژوو تەرخان کردووە. ناوبراو باوەڕی وابووە کورد خاوەنی دەوڵەتی ماد بووە و کۆمەڵی دەوڵەت و دەسەڵاتی تریشی پێکهێناوە و بە بەڵگە و نووسین ئەمانەی بڵاو کردۆتەوە. ئەمەش بەڵگە و نیشانەیەکی تری ئەوەیە پێش مۆدێرنە کورد دەوڵەتی هەبووە، یاخود دەوڵەت هەر هەبووە. بەشێک لە دەسەڵاتی کوردی دراویشیان لێداوە و خەونی بەدەوڵەتبوونیان لە مێشکدا بووە.

وەک ئاماژەمان پێدا نووسەر زۆر وێڵی ساخکردنەوەی مێژووی کۆنی کورد بووە. کەمن ئەوانەی وەک رۆژبەیانی شەونخوونی و ئازار و مەینەتیان لە سەرەڕێی خزمەت بە مێژووی نەتەوەکەیاندا کێشا بێت. پاڵنەری ئەمەش هەست و هوشیاری و باوەڕی نەتەوەیی بووە، بەواتا فراوانەکەی کوردایەتییەکی بێگەرد و بێنیاز. ساخکردنەوەی گەلێ پرسی ئاڵۆز و تیشکی ڕووناکی خستنە سەر ڕابووردووی نێو شەوەزەنگی مێژوو، مانای نەخشاندنی ناسنامەیە بۆ نەتەوە. لە ڕێی مێژووە ڕەگەزی کوردیشی دیاری کردووە وەک ڕەگەز و بنەچەیەکی جیاواز لە عەرەب و فارس و تورک، پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کورد ئارییە و خاوەنی ئاینی زەردەشتیش بووە.

کەواتە کار لە کایەی مێژوو و دیارکردنی بنەچە و ڕەگەزی کورد، دوو بنەمای گرنگی پێناسەی نەتەوەن یاخود کورد نەتەوەیە. لە هەمووشی گرنگتر ڕۆژبەیانی پێگەیەکی ئایینی هەبوو و مەلا بووە.کەچی هێرشی ئیسلام بۆ سەر کوردستان پاساو نادات و بە داگیرکاری ناو دەبات.ئەمە هەستیارترین و گرنگترین خەسڵەتی بیرکردنەوەی نەتەوەییانەی مامۆستا ڕۆژبەیانی بەدیار دەخات. چونکە ئەوساش و ئێستاش زۆر کەسایەتی لەم جۆرە و بگرە پارتی سیاسیشمان هەیە،نەک ئامادە نین ددان بەم ڕاستییەدا بنێن،بەڵکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەک نموونە، ئامادە نین کردەوەکانی لەشکرێکی دڕندەی تاریکپەرستی مرۆڤکوژ و بەربەریئاسای وەک **داعش** تاوانبار بکەن. بەواتایەکی تر هێشتا داعش بە هێزێکی جیهادی لە پێناوی خوادا دەناسن. ئەمەش گەورەترین کارەساتی کوردی ئیسلامی سیاسییە.

کارەکانی رۆژبەیانی بەرهەمی خوێندنەوە و لێکدانەوە و بیرکردنەوەیە، دوور لە کاریگەری دوو فاکتی ئایین و ئایدۆلۆژی و گێڕانەوەیەکی وشکی مێژوویی . بە هەموو مانای باوەڕ و وشە نەک باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان هەبووە، بەڵکو بە دڵ و گیان بۆی تێکۆشاوە. نە ڕقی لە گەل و نەتەوەی تر بووە نە هیچ، بەڵام بە بانگاشەی درۆزنانە و دروشمی سەوز و سووری ئایدۆلۆژی و ئایینی نەخەڵەتاوە. وەک مەسعوود محەمەد دەڵێ:(( ئای کورد چەند پێویستی بەوەیە بە گڵۆپ لەبەر دەرگای ماڵەکەی ئەم گوتە بەنرخە بنووسێ" گەلی کورد باوەڕی بە خۆی و مافەکانی خۆی هەیە و بە قەدەر ئەو ڕێزەی لێی دەگرێ،ڕێزی گەلان دەگرێ")).

کاک عەتاش تا کۆتایی باسەکەی ، ڕۆژبەیانی بە خاوەن گوتارێکی سێکۆلاری نەتەوەیی دادەنێ و مەسەلەکەشی باش پێکاوە. کۆتایی باسەکەی بەم کۆپلەیە دەهێنێ:" لەم ڕووەوە هەموو ئەو تێز و تێڕوانینانەی ئایینی یان مارکسیزم کە باس لە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و بەفریودانی بیر و ئایدۆلۆژیا و ئایین و مەزهەبەکان دەزانێت و تەنانەت لەو ڕووەوە دەسەڵاتی

دەوڵەتی ئیسلامیش بەسەر کوردستاندا بە داگیرکاری دەداتە قەڵەم". کەواتە بە هەموو شێوە و بەڵگەوە بۆمان ڕوون بۆوە کە ناوبراو شایانی ئەوەیە ناوی بچێتە لیستی سەرەوەی خاوەن گوتاری نەتەوەیی.

**بەشی ٢ ـ ٣**

**مەسعوود محەمەد ١٩١٩ ـ٢٠٠٢**

بە ئاماژەدان بە بەرهەمەکانی مەسعوود محەمەد و پۆلێنکردنی گوتارەکەی بۆ گوتاری فەلسەفی فیکری و کۆمەڵناسی و زمان و ژینگە و سروشت و گوتاریی نەتەوەیی،کاک عەتا دەست بە شرۆڤەی بەشێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا لە ٤٤ لاپەڕەدا دەکات.

مامۆستا بەوە ناسراوە خاوەنی جیهانبینییەکی گەلێ فراوان و پڕ لە هزر و ڕەهەند و گوتارە. بایەخی بیرکردنەوە و نووسینی ئەم بیرمەندە، بەتایبەت پانتاییەکی هێجگار فراوان و بەرین لە کایەی ڕۆشنبیریی و گوتاری نەتەوەییدا داگیر دەکات. قەرەداخی پەنجە بۆ ئەو قۆناغە سەختە ڕادەکێشێ کە نووسەر ململانێی فیکری تێدا ئەنجام داوە. هاوکات دەیەوێ بڵێ گوتاری نەتەوەیی ئەم جیاواز بووە بە خەسڵەتی قوڵتر و دەوڵەمەندتر و بابەتیتر و زانستییانەتر، لە گوتاری داخراو و دەمارگیری کاژیک و پاسۆک.

قەرەداخی لە سەرەتادا باش چووە بۆ دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی گوتاری نەتەوەیی لای مەسعوود محەمەد. لێ دەربڕینی ئەم پێناسەیە بۆ ئەو مەبەستەیە بە خێرایی بگاتە سەر ناوی کاژیک و پاسۆک بە نیازی خراپەوە هەوڵی خۆڕایی شێواندنی بیر و ڕێبازیان بدات. ـ دیارە مەبەست لێرە مەبەستی من تەنها ڕاستکردنەوەی هەڵە و پووچاندنەوەی ئەو بۆچوونە داتاشراوانەیە لەسەر مەسعوود محەمەد و ئەوانی تریش بە کاژیک و پاسۆکیشەوە،نەک خوانەخواستە کوێرانە دوای هەڵە و کەموکوڕی و ناتەواوی ئەمانە بکەوم و داکۆکییان لێ بکەم. یاخود ڕەخنەگرتنم لەمانە بەلاوە تابوو بێت! ـ .

مامۆستا چ پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە هیچ کام لەم دوو کۆمەڵە و حیزبەوە نەبووە. ئەو فەیلەسوف و بیرمەندێکی خاوەن فیکر و جیهانبینی سەربەخۆ بوو، لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، بە هزر و قەڵەم و هەڵوێستەکانی سەرگەرمی خزمەتکردن بوو. هەرگیزیش داوای نەکردووە کەس دوای بکەوێت. ڕاستە نەتەوەییەکانی کورد بەشێکیان، بەتایبەت هاوبیرانی پاسۆک سەرسامن بە جیهانبینی مامۆستا و زۆریشیان لێی نزیک بوون و تەنانەت لەسەر داخوازی دەستەیەک لە هاوبیرانی پاسۆک لەنیوەی دووەمی حەفتاکاندا، مامۆستا دەستی لە بەرگی چوارەمی حاجی قادر هەڵگرت و دەستی دا نووسینی بەرگی دووەمی مرۆڤ و دەوروبەر.

لە سەردەمی کاژیک زۆر دڵنیا نیم، بەڵام وەک ئاماژەم پێداوە لە سەردەمی پاسۆک دا، بەشێکی زۆری هەڵگرانی بیری نەتەوەیی ، بە چاوێکی بەنرخ و هێژا و گەورە و بەرزەوە لە تێز و جیهانبینییەکانی مامۆستایان ڕوانیووە. بیروبۆچوون و نووسینەکانی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بە پێزی بەهێزکردنی زانیاری و زانین و لۆژیکە، لەمەڕ چەمکی کوردبوون و دۆزی ڕەوای کوردەوە. ئەمەش وای کردووە بۆ هاوباوەڕانی بێتە ئامرازێکی باش و دروستی خۆ چەکدار کردن بە بژێوی فیکری و دەوڵەمەندکردنی خەرمانی زانیارییەکان و فراوانترکردنی ئاسۆی تێڕوانین،لەمەڕ پرسگەلە جۆراوجۆرەکان. بەتایبەتی لە سەردەمانێکی کە بیری نەتەوەیی بە هەموو دوورییە مێژوویی و سیاسییەکانییەوە بە ئایدۆلۆژیای بێگانە و نامۆ، زۆر بە چڕی وەک هەمیشە ئابڵوقە درا بوو، دەویسترا ئاڕاستەی سروشتی خۆی لەدەست بدات و خۆی بکاتە هەڵگر و سەرباز و پاسەوانی بیر و ڕێبازێک، کەم و زۆر پەیوەندییەکی گەوهەری بە پرسی کوردەوە نەبوو، هێندەی لە خەمی پرۆلیتاریا جیهانی بوو، بە گشتی و کرێکاری میللەتە سەردەستەکانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەتایبەت. بە گوتەیەکی تر،کورد بێتە ئەو بەشەی لەسەری پێویستە قوربانی بۆ گشت بدات. واتە هەر شت لە پێناوی مۆسکۆ و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی. ئەمەش دروشمێکی ناوەی کۆمۆنیستەکان بوو.

قەرەداخی لەو پێناسەی مامۆستا بۆ کوردایەتی دەکات، سێ بنەمایان لێ هەڵدەبژێرێ (**ژیری،دڵسۆزی،زانستکاری**). جگەلەوەی ئەم دیاردانە لە گوتاری مامۆستادا بەرز دەنرخێنێ، پێی وایە بەرۆکگرانی ئەم بیرمەندە وانەبوون و پەیڕەوی ئەم دروشمەیان نەکردووە. با لەم ڕووەوە بە نموونەیەکی زیندوو وەک وەڵام بدەمەوە:

هەر بۆ زانیاری خوێنەر و کاک عەتا پاسۆک هەر لە ڕسکانییەوە دروشمی(**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە**)ی، بەرز کردەوە. بڕیاری دابوو ١٠ ساڵی سەرەتای خەباتی بۆ خۆپێگەیاندن و ئامادەکاری شۆڕش بێت. ٦/٥ هاوبیرانی خوێندەوار و خاوەن قەڵەم بوون، تەنانەت فەرماندە سەربازییەکانیش دەرچووی ئەکادیمیا و شارەزای قووڵی مێژوو و هەڵکەوتی کورد بوون. کاک عەتا چونکە قسەی بێ بەڵگە دەکات و ئامادە نەبووە ئەدەبیاتی پاسۆک بخوێنێتەوە، یا خوێندوێتییەوە و نکۆڵی دەکات باسیان بکات!. بۆیەکا دوور لە بابەتێتی، شەلم کوێرم کوتەک بە هەر چواردەوری خۆیدا دەهاوێژێ. خۆ لە مەیدانی دڵسۆزیش دا، ئەوە هەموو خەڵکی کوردستان گەواهی دڵسۆزی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە و هاوبیرانی پاسۆکن. لایەنی زانستیش ئەوەش تا ئەو پەڕی شیاو/ مومکین لەبەرچاو گیراوە، دیارە نەک بمەوێ بڵێم پاسۆک لە تاقیگەی زانکۆیەکدا دانیشتووە و خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بووە، بەڵکە باوەڕمان بە زانست و پێشکەوتنەکان هەبووە و لەسەر ئەم بنەمایە بیرکردنەوەمان بۆ دیاردەکان هەبووە.

**مرۆڤ** پێگە شایستەکەی خۆی لە هزری مەسعوود محەمەددا پێ دراوە و باسکراوە. هیچ بەهایەک ناکەوێتە سەرووی گرنگی و سەنگ و ڕۆڵی مرۆڤ لەم گەردوونەدا. مرۆڤیش بە هۆش و غەریزە و حەز و ئاوات و داهێنانەکانییەوە. ئالێرەدا ڕووبەڕووی ڕەخنە و سەرنجێکی قەرەداخی لەسەر مامۆستا مەسعوود دەبینەوە، کە لە گۆشەنیگای مارکسێتەوە دەڵێ: " مەسعوود محەمەد بایەخی مرۆڤ بە گرنگتر دەزانێ لە پاڵنەری ئابووری بۆ مێژوو". وەک دەزانین مامۆستا خاوەنی کتێبی"**بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو**"ە لەسەر ئەمەوە و بە دوور و درێژی داکۆکی لە بۆچوونەکەی خۆی دەکات. لە زۆر بەرهەمی دیکەشدا بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە.

عەتا دەڵێ: " مەسعوود دژی ئەوە بووە جەماوەر فریو بدرێ و حیزب وەک ئامراز بە گرنگ نازانێ بۆ گەیشتنە ئامانج"... ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ مامۆستا بیرمەندێکی پراگماتیکی و ریالیستی بووە و لەسەر زەمینەی واقیع قسەی کردووە و مامەڵەی ئەنجام داوە. مێژووی بە پێوەری واقیع خوێندۆتەوە و ئەوەی مرۆڤ کردوویەتی و ئەنجامی داوە، بەلایەوە زۆر گرنگترە لە دەقی تیۆرییەکان. هەربۆیەکا " واقیع بە باوکی فەلسەفە"ناو دەبات.

قسەی مامۆستا لەسەر نەبوونی دەرەبەگ و نەبوونی بانک و سەرافیک لە کوردستاندا، ئەوەش ڕوون و زەلالە، عەتا دەیەوێ بڵێ: بەلای مەسعوودەوە خاوەن موڵک و ئاغا دەوڵەت دروست دەکەن نەک چینی بۆرژوازی/ چینی ناوەندی. ئەم خاڵەش بەردەوام دەکوتێتەوە، لەبەر ئەوەی تێزێکی هاوشانە بە پێوەر و بنچینەی بیری مارکسی و ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی. من زۆر ناچمەوە سەر ئەم تێڕوانینە، هێندە هەیە کاک عەتا قەت لە فەزای ئەم چەند ڕستەیە و چەند وشەیەکی تر و هەندێ تۆمەتی هەڵبەستراو دەربازی نابێت. جا ئایا هۆکارەکەی نەزانینە، یاخود چ مەبەستێکی تری هەیە؟ ئەوە جارێ دیار نییە!.

ناسیۆنالیزم و دەوڵەت دروست کردن، بە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە دەزانێ. بەڵام مادامێکی چینی ناوەندی لە کوردستاندا هەڵگری ئەم بیرە نییە، واتە چینی کرێکار یاخود سیستەمی فیۆداڵ نەبووە و پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کورد بە ناسروشتی و دادەنێ و دواتر کە بە قۆناخی سەرمایەداری ناگات/ نەگەیشتووە، بە مایەی سەرهەڵنەدانی ناسیۆنالیزمی لە کوردستاندا دادەنێ.

جارێ لە سەر مێژووی ناسیونالیزم، لە ئەوروپاش یەک دەنگییەک نییە. Hans Kohn گەورە مێژوونووسی ناسیۆنالیزم،دەڵێ: ئەم دیاردەیە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە سەری هەڵداوە. هی تریان هەیە شۆڕشی فەرەنسا بە سەرەتا دادەنێ و هەشە دەیبەستێتەوە بە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. با لێرەدا لە کاک عەتا بپرسین، خۆ نەتەوەکانی کاتالان و باسک و ئیریش و سکۆتی، بە قۆناغی دەرەبەگیدا تێپەڕیوون و چینی ناوەندیشیان هەبووە و لە هەناوی شۆڕشی پیشەسازیشدا بوون، ئەی بۆ نەبوونە خاوەن دەوڵەت؟!.

باشە خۆ ئەوە لە مێژە قۆناغی سەرمایەداریمان جێهێشتووە و لە پۆستکۆلۆنیالیزم و پۆست مۆدێرنە و گلۆبالیزم و دیگیتالیزەبووندا‌ین، کەچی لەم دوو دەیەیەی ڕابردوودا چەندین دەوڵەت دروست بوون، چەندان نەتەوەی تریش لە هەوڵدان بۆ بوونە دەوڵەت.

وەک نموونە لەم سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا۲۰۲۰، وڵاتانی **یەکێتی ئەورووپا**، خێراتر گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندی خۆیان، ئامادە نەبوون گوێ لە فەرمانی برۆکسل بگرن. هەر دەوڵەتێک سنووری بە ڕووی ئەوی تردا داخست و سەرگەرمی ناوماڵی خۆی بوو. بەواتایەکی دیکە، بایەخی دەوڵەت جارێکی تر بەرز هەڵکشایەوە. تا دەوڵەت و سیستەمەکەش دیکتاتۆر بێت،باشتر چارەسەری کێشە و هەڕیشەکان دەکات.ئەمەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نییە،لێ لەسەر زەمینەی واقیع ئەمە دەبینین. خۆ گەر وانییە! دەبوو بە قسەی ئەوانەی کەوتوون بە شەوارەی تیۆریدا و دەڵێن: دنیا بۆتە گوندێکی بچووک و سنوورەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و دەوڵەت باوی نەماوە و بۆ تەنەکەی خۆڵ! لەو گوندەدا سەدان دەوڵەتی بەهێزمان دییەوە، نەک ئامادە نەبوون سنوورەکانیان هەڵگرن، بەڵکو تۆختریشیان کردەوە ڕێگای خۆیان گرتەبەر.

کاک عەتا ئەم دابەشکارییە مارکسییەی وەک پێوەرێکی یۆنیفێرساڵی گرتووە بەدەستەوە و یەکبینە وەک قاڵبێکی فیکری بۆ هەر قسەکردن و خوێندنەوەیەک دەیخاتە کارەوە. پێموایە ئەم خاڵە کاک عەتا دەگەڕێنێتەوە چوارچێوەی یەکەم و سەرەتای ئەلفوبێ ساکارەکەی لە مێژوودا بۆتە لیتاو، یاخود بێدەرچە و زیانێکی بە نووسینەکانی کاک عەتا پێش هەر کەسێکی تر گەیاندووە و خستوونیەتە خانەی نابابەتێتی و دوور لە واقیعەوە. ئاخر دیار نییە کاک عەتا بۆ وا خۆی بێئاگا دەکات، دەنا ڕاستییە مێژوویەکان هێندەی مانگی چواردە بە ئاسمانەوە دیارن، ناکرێ خۆیان لێ نەبان بکرێ. ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی و تیۆرییەکەی مارکس بە گشتی، لای مامۆستا مەسعوود ڕەتکراوەتەوە و لەگەڵ ئەم ڕەوتە مێژووییەدا بە درێژایی نووسینەکانی لە ململانێیەکی فیکری قووڵ و بابەتی دابووە و مامۆستا جێ دەستی تاقانەی لەم بوارەدا وەک بیرمەندێکی سەربەخۆ لە کایەی فیکردا زۆر بە جوانی دیارە.

هەموو ململانێ و بگرە و بەردەی مامۆستا لەگەڵ ئەم ڕێبازەدا، لە چوارچێوەی فیکر و رۆشنبیریدا لەسەر ئەوە بووە کە تێزەکانی مارکس، توانای خوێندنەوەی تەواوی واقیعی کۆمەڵگای کوردی نییە و پێی نامۆیە و چارەسەری دەردەکانی ناکات. دەنا نێتی مەسعوود بەرپاکردنی شەڕێکی بێئاگایانە و نەزانانە و خۆڕاییانە نەبووە لە دژی ئەم بیر و ڕێبازەدا. ڕەنگە گەر ئەم دیاردەیە بەو شێوە سەقەتە لە کوردستاندا ساز نەبووایە، کە بووە مایەی خەرجکردنی کات و وزە و فیکرێکی زۆر مامۆستا و چەندانی دیکەش، ئێستا دەیان شاکاری ترمان لەسەر نالی و مەحوی و حاجی قادر و زمان و مێژووی کورد بە پێنووسی مەسعوود محەمەد لەبەردەستدا بوایە!.

مەسعوود محەمەد لە بایەخ و کاریگەرێتی هۆکاری ئابووری کەم ناکاتەوە، وەک عەتا و زۆر لە هاوشێوەکانی تێی گەیشتوون، بەڵکە ئەم هۆکارە بە بزوێنەری سەرەکی مێژوو و کۆمەڵایەتی نازانێ. بەڵام لە پرسی بەدەوڵەتبووندا، و بەتایبەت دۆخی کورددا بە یەکێ لە فاکتە یەکلاکەرەوەکانی دادەنێت. دەبێت ئەوەش بڵێین گەر مرۆڤ خۆی باڵادەست نەبێت و هوشیاری ئاگایی و لێوەشاوەیی نەبێت، گەورەترین سەرمایەی ئابووریشی لەبەردەست بێت، نەک دەوڵەت!، هیچی پێ دروست ناکات. کەواتە دیسان ئابووری ملکەچی مرۆڤە و مرۆڤ کاری پێ دەکات و مێژووی پێ تۆمار دەکات.

سەیروسەمەرە لای کاک عەتا بەوە گەیشتووە، دەوڵەتی ئیسرائیل بە بەرهەمی مۆدێرنێتە دەزانێ و گەلی ئیسرائیلیش بە بەرهەمی ئەو دەوڵەتە دەداتە قەڵەم. بەراستی یان قەرەداخی زۆر بێئاگایە لە مێژوو!، یاخود خۆی نەبان دەکات. دەوڵەتی ئیسرائیل ئیرادەی نەتەوەیی هەموو جوولەکە دروستی کرد. بەتایبەت دوای مانیفێستەکەی Theodor Herzl، نەک چینی بۆرژوای قۆناخی سەرمایەداری. ئەرێ لەو سەردەمەدا ئیسرائیل خۆی کوا و چینی بۆرژوا و سیستەمی سەرمادایەری لە کوێ بوو؟! پاشان دبلۆماسێتێکی کارا لەسەر دەستی وایزمان و بریارێکی نێودەوڵەتی زلهێزەکانی جیهان و پەیمانی بەلفۆر ئیسرائیلی سازدا. جوولەکەی پەرشوبڵاوی هەموو دنیا ڕوویان تێکرد و لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا یەکەی گەل باشتر هارمۆنی بوو. لەڕێی لێخشان و تێکەڵی ڕۆژانە و پێکەوە و ژیان لەسایەی یەک سیستەم و پەروەردە و ملکەچبوون بۆ یەک یاسا و خوێندن و فێربوون بە یەک زمان، زمانێکی مردووی ناو مێژوو زیندوو کرایەوە. دەوڵەت گەلی جوولەکەی تێهەڵدراوی ناو مێژووی، دوای چەندین سەدە، پێکەوە گرێ دایەوە و تۆکمەتر و نزیکتر کردەوە و ئێستا زۆر پێشکەوتوون. ئەمە مێژووی دەوڵەتی ئیسرائیلە نەک قسەی باقوبریقی ناو کتێب و خەونە بەتاڵەکانی مۆدێرنێتە!!.

ئەوە زانراوە کە مامۆستا مەسعوود دوای شەپۆلی باو نەکەوتووە. ڕەنگە تاکە گوناهی ئەم خاڵە بێت، کە بە تاقانەیی لەمەیداندا مایەوە. ئاخر کاتێ مارکسیزم جێی ئایینی گرتووە و هەرکەسێ لەم هێڵ و تەوژمە دەربچووایە، وەک شەیتان بەر نەفرەتی زۆربەی هاودەمەکانی خۆی دەکەوت. مەسعوود تاکە قەڵەم بەدەستی سەربەخۆیە، خاوەن بیروڕای جیاوازە لە ڕەوتی باودا.

وەک لە سەریّ ئاماژەمان پێدا، لە بیرکردنەوە و جیهانبینی مامۆستا مەسعووددا، پێگەی مرۆڤ و  قورسایی و پیرۆزی و سەروەری لە سەنتەردایە. مێژوو و کۆمەڵایەتی بە موڵکی مرۆڤ دەزانیّ و مرۆڤ خۆی پاڵەوان و بزوێنەرە، نەک هۆکاری تری وەک پاڵنەری ئابووریی. مارکسییەکان زۆر جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە. لەم ڕووەوە بەرهەمەکانی مامۆستا پڕن لە نموونە و وەڵام. قەرەداخی هەتا پێی وایە مەسعوود باوەڕی بەوەیە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات. ئەم ڕیزبەندییەی  قەرەداخی کردوویەتی، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە. مەسعوود کوردی بە نەتەوە زانیوە، بیّ ئەوەی خاوەنی دەوڵەتیش بێت. کەواتە پێش دەوڵەت نەتەوە وەک بوونێکی عەقڵی هەیە و لە پرۆسێسێکی دووررودرێژدا بە هاوکاری کۆمەڵیّ فاکتی گرنگ دەبێتە خاوەن دەوڵەت.

مەسعوود کار لە ڕووبەری فراوانی مێژوودا دەکات و دێت مێژوو دەخوێنێتەوە و ئیستی لەسەر دەکات و بە تێڕامانی قووڵ و بیرکردنەوەی وردەوە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و ئاکامگیری لێی هەڵدەهێنجێنێت. ئەو نایەت بە شێوە کلاسیکییە باوەکەی تا ئێستا پێمان فرۆشراوە!، بە  زنجیرە وتاری حیکایەتئامێز، مێژوو لە سێبەری ئایین و ئایدۆلۆژیادا بخوێنێتەوە، نەخێر بە چاوی خۆی تەماشا دەکات و بە ئەقڵی خۆی بیری لیّ دەکاتەوە و بە پێی واقیعەکە قسە و بڕیاری لەسەر دەدات. ئەم نەهاتووە  بە قاڵب و تیۆریی ئامادەکراوەوە چاکی کەواکەی لیّ بەلادا بکات، مۆدە خوازراوەکە بسەپێنیّ و دادڕیّ بەسەر مێژووی نەتەوەکەیدا. ئەگەر هاتوو خاوەن تیۆریی وتی: لە فەرەنسا فیوداڵ وای کرد، ئەویش بڵیّ لە ناوچەی پشدەر، فلان ئاغا وای کرد. یاخود باسی قۆناخی سەرمایەداری کرا، بڵیّ کورد بەرەو پۆست ئیمپریالیزمی باڵا هەڵکشاوە.

من پێموایە کۆمەڵناسان و مێژوونووسانی دیکەی کورد، هەم دیلی دەستی کاریگەرێتی فاکتی ئایدۆلۆژیا و ئایین بوون و لە دەستەبەتاڵییان دا یاخود ناواقعیبوونیاندا  ڕازی بوون لەم ڕوانگەیەوە باسی مێژوومان بۆ بکەن،  هەمیش هێندەی مەسعوود توانای بیرکردنەوە و بوێری دەربڕینیان نەبووە. هەربۆیە کاری مەسعوود محەمەد لە تێکڕای ئەوەی ١٠٠ ساڵی ڕابوردوو پێشکەشمان کراوە تەواو جیاوازە. ئاخر ئەم دیّ و وەک نەتەوەیەکی بندەست و دابەشکراو لە کورد دەڕوانیّ و ئامادە نییە بەراوردی بکات بە نەتەوەیەکی خاوەن قەوارە و کیانی سەربەخۆ. لە هیچ خاوەن تیۆرییەکیشی ناسەلمێنیّ، بەیەک هاوکێشە و حوکم و چاو لەم دوو هەقیقەت و دیاردەیە بڕوانیّ، بیان خاتە تای یەک تەرازووەوە. ئەمەش خاڵێکی زۆر گەوهەری بیر و هزر و تێڕوانینی مامۆستایە بۆ دۆزی نەتەوەکەی، کە دەکاتە بەخشینی شوناسی ئێمە و دیاریکردن و سنوور کێشان بۆ تایبەتمەندییەکانی  شوناسی ئەوان!. لەم ڕووەوە دەڵیّ:

" خواستنی چاویلکەی میللەتی بەهێز لەلایەن میللەتی بیّ هێزەوە، بۆ تەماشاکردنی کۆمەڵایەتی و مێژوو، کە لە جێگە و کاتی جودادا سەری هەڵداوە، وەک خواستنەوەی چاوی دەوڵەمەندە لە لایەن هەژارەوە".

کاک عەتا هەتا ئێرە پێبەپیّ لەگەڵ بیروڕاکانی مامۆستادا، دروست هەنگاو  هەڵدێنیّ و وێنە ڕاستەقینەکەی مامۆستا و هزر و بیریمان بۆ نمایشت دەکات و بیّ ڕتووش و جوانکاری و گەزومقەستی سانسۆر! هەقی پێویست دەبەخشێتە مامۆستا. دواتر قەرەداخی ئاماژە بۆ گوتاری هیومانیستی مەسعوود دەکات و نموونەیەک لە وتەکانی مامۆستا دێنێتەوە:

" پێشخستنی دەوری مرۆڤایەتی لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و مێژووییدا جگە لەوەی کە تاکە ڕێگەی بەرەو ڕاستییە لە تەجرەبەشدا دەردەکەویّ کە ئیمکان نییە بیّ ئەو پێشخستنە شرۆڤەی ڕووداوەکانی مێژوو و کۆمەڵایەتی لە هیچ کوێرە ڕێگایەکەوە بکریّ". ئەوجا دەگاتە بۆچوونێکی تری هەستیاری مەسعوود کە پێی وایە کۆمەڵگای کوردی قۆناخی دەرەبەگی نەبووە، وەک گەلانی تر ـ لە ڕاستیدا ناڵیّ هەر نەبووە، بەڵکە وەک سیستەم و کولتوور پاشماوەیەکی ئەوتۆی بەرچاو ناکەوێت و وەک ئەوان نەبووە ـ چونکە مارکس مێژووی مرۆڤایەتی دابەشی چەند قۆناخێک دەکات کە فیۆدالیزم یەکێکیانە. کاک عەتاش دەیەویّ لەم ڕوانگە و تێزەوە هەڵسەنگاندن بۆ گوتاری مەسعوود محەمەد بکات و بە جۆرێک لە خەیاڵ و ناواقیعی ناوزەدی بکات. بۆیە بیروڕای نووسەر بەرامبەر مامۆستا مەسعوود دەگۆڕیّ و ئەم بۆچوونە بە کفر و ناواقیعی و لادان دادەنیّ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە قەرەداخی باوەڕی وایە فیۆدالیزم نەبۆتە سیستەم، لەبەرئەوە توانای نەبووە  دەوڵەت دروست بکات. کەچی نەبوونی ئەم ئەڵقەیە لە مێژووی کورد دا دەکاتە مایەی ماڵوێرانی و هۆکاری نەگەشتن بە ئاواتەکان. لەبەئەوە پێی وایە گەر کورد قۆناخی فیۆداڵی هەبوایە دواتر بە سەرمادایەری دەگەیشت و چینی ناوەند یان بۆرژوازی نیشتمانی سەری هەڵدەدا و  و کرێکار پەیدا دەبوو و بەو پێیە دەوڵەت دروستکردنیش ئەرکی ئەم چینەیە.  قەرەداخی بەناوی مەسعوودە دەڵیّ: لە قۆناخی فیودالیدا چینی باڵا یان خاوەن موڵک واتە ئاغا و بەگ و شێخی خاوەن زەویوزار دەوڵەتی نەتەوەیی

دروست دەکات". لە ڕاستیدا هەردووکی یەکن، بەڵام بەو پێناسە و خاسێتانەی باس لە فیۆدالیزم دەکرێ، لە کوردستان دا نەبووە، ئەمە قسەی مەسعوود محەمەدە نەک شتێکی تر.

بەکورتی عەتا دەڵێ: دەرنەکەوتنی سیستەمی فیوداڵی کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی پاشتریش هەیە و نیشانەی گەشەکردنێکی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردەوارییە و ئاشکرای دەکات، ئەم ناتەواویی و بزری ئەڵقەی گەشەکردنە، هۆکاری سەرەکی دەرنەکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردییە.

بۆچوونێکی تری تایبەت بە گوتاری مەسعوود، وەک یەکەم کەس کە ئاماژە بە هۆکاری " لەبەرڕۆیشتنی ئابووری ـ نزیف اقتصادی" بۆ بەدەوڵەت نەبوون کورد دەکات.

ڕاستە کورد لە مێژووی خۆی زۆر دەسەڵات و میرنشین و تەنانەت دەوڵەتیشی دروست کردووە ـ جەمیل ڕۆژبەیانی عەبدولرەقیب یوسف و زۆری تریش باس لەمە دەکەن ـ بەڵام دەوڵەتەکان سەرتاسەری نەبوون و تەمەن کورت بوون. چونکە دەسەڵاتدارەکانی دەوروبەری بەهێزتر بوون. تۆپۆگرافی کوردستانیش وا هەڵکەوتووە، ناوەندێکی بەهێزی تێدا دروست نەبێت و ئابووری تێدا کۆبێتەوە. هەمیشە شارە گەورەکان نزیک بە سنووری کوردستان ، نووساو بە دەوڵەت و دەسەڵاتە نەیارەکانییەوە بووە. ئەمەش لە ڕووی ئاساییشی نەتەوەییەوە خاڵێکی لاوازە، ئابووری بەئاراستەی دەرەوە ڕەوتی وەرگرتووە،نەک ڕووەو ناوەوە، چونکە پایتەخت یاخود ناوەند دەبێت، دوورە دەست بێت لە هەڕەشەی دوژمنەوە و جێی کۆبوونەوە و گلدانەوەی ئابووری بێت.

مەسعوود دەڵێ:" ئەو گەلەی بە مافە بنچینەییەکەی نەتەوایەتی نەگەشتووە، جارێ پێی نەناوەتە مەیدانی گۆڕانی مێژوویی، وەک ئەو منداڵەی جارێ لە پزدانی دایکی نەهاتۆتە دەر".

ئەم وتە کتومت مانای وایە کاتێ بێ دەوڵەتیت ناتوانی ئامادەی سەر شانۆی مێژوو بیت. کەچی قەرەداخی بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی دێ و بە ئاقارێکی تردا، دیسانەوە بۆلای مارکسمان دەباتەوە و دەڵێتەوە: نەتەوە کاتێ بوونی هەیە کە دەوڵەتی هەبێت. ئەمەش واتە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، یان بێ ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست نابێ و گوتەیەکی گێلنەر دێنێتەوە" ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات" و ئەوجا گوتەکی هۆبزباومیشی دەکات بەسەردا"ناسیۆنالیزم بێ دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ مانایەکی نییە" بەم شێوازە پەلکێشمان دەکات تا بڵێ: دەوڵەت بەرهەمی مۆدێرنەیە و نەتەوەش بەرهەمی  پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتە.

لێرەدا پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە و لە قەرەداخی دەپرسین: کوا چینی فیۆداڵ و سەرمایەدری تورک و فارس و عەرەب؟، پێمان بڵێ گەر کۆلۆنیالیزم  دەوڵەتی بۆ قوت نەکردنایەوە، ئایا بە هەزار ساڵی تریش دەیان توانی دەوڵەت بە خەباتی خۆیان دروست بکەن؟؟!!.

عەتا سەبارەت بە ٣  کتێبە دیارەکەی مامۆستا مەسعوود لەسەر حاجی قادر، ئاوها دەنووسێ:

١ـ ڕوانگەی خوێندنەوەی باری مێژوو و کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری.٢ـ خوێندنەوەی هەمەلایەنە و پڕ وردەکاری کۆیە. لێرەدا مەسعوود محەمەد بە ناوچەپەرست و هەرێمپەرست ناودەبات. بەڕاستی بۆچوونێکی نالۆژیکی نا عەقلانێت و نابابەتێتی و سەرلێشێواوی  بە کاک عەتاوە دیارە، چونکە لەژێر تینوتاوی سیاسەتی زاڵی ناوچەگەریی و  سلێمانچێتیدا نقووم بووە. شاری کۆیە بایەخی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی و هونەری خۆی هەیە و لەگەڵێ لە شارە گەورەکانی ئەوسا و ئێستای کوردستان لە پێشترە. لەم شارەدا دوو بنەماڵەی دەستڕۆیشتوو، هەبوون. ئەوە واقیعی کۆمەڵاتی کوردە، نەک مەسعوود سازی دابێ. بنەماڵەی جەلیزادەی خودی مامۆستاش نەک لە کۆیە بگرە لەتەواوی کوردستانی ئەو سەردەمەدا و تا ئێستاشدا ناوناوبانگیان هەبووە و جێدەستیان دیارە بە مێژووی شارەکەوە، لە ڕووی خوێندن و زانستەوە و لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە. جا چۆن نە بۆ نەوەی مەحوی و بێکەس و گۆران، جێی شەرم و ڕەخنەیە، گەر باسی ئەم شاعیرانەیان کرد بێت، نە بۆ مەسعوودیش خەوش و گوناحە، باسی باپیر و باوکی بکات، لە کۆنتێکسی مێژوویدا. شتێ گوناح و شەرم و خراپە هەڵبیەستی، نەک باسی شتێک بکەیت، کە بوونی هەقیقی هەبووە. ٣ـ باسی حاجی قادر و ژیانی، شیعری، چوون بۆ تورکیا، کەسێتی و هەڵوێستی دەکات. بەڵام ئاماژە بە باوەڕی ناکات!. لەم لێکۆڵینەوە درێژەکەیدا کە قەرەداخی کردوویەتە سەرچاوەی باسەکەی، مامۆستا مەسعوود باس لەدوو خەسڵەت و بنەمای گرنگ دەکات ( زمان و نیشتمان) بۆ دروستبوونی هەستی نەتەوەیی. عەتا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تێزە، دێ باس لەسەردەمی هاتنی ئیسلام دەکات

و دەڵێ: کورد زمان و خاکی هەبوو، لێ هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێ لەو قۆناخەدا هەستی نەتەوایەتی هەبووە"؟. ناچارین دیسان بڵێین، قەرەداخی یان خۆی بەهەڵەدا دەبات، یا نایەوێ باسی ڕاستییەکان بکات!؟. مێژوو ئەوەی سەلماندووە، کورد بە گشتی بەشی هەرە زۆری بەرگری لە هاتنی ئیسلام کردووە. گۆڕی و کافر و شەهیدان لە کوردستاندا بەڵگەیەکی بێ چەندوچوونە. لەلایەکی ترەوە، ئەوەی کەوتە بەردەست لەشکری ئیسلام سووتێندرا، تاڵان کرا، خاپوور کرا، فەوتێندرا. بەواتایەکی تر ئەگەر نیشتمانێ داگیر بکرێ، ئەوە داری بەسەر بەردییەوە نامێنێ. تەنانەت ئیسلام نەهات کوردستان داگیر بکات و دەسەڵات بداتە دەست حاکمێکی کورد. وە هیچ کام لە داگیرکەرەکانی تریش کاری وایان نەکرد، هەرچی هاتووە وڵاتی کوردی کاول کردووە خۆی کردۆتە حاکم بەسەرییەوە.

بەهەرحاڵ قەرەداخی دەیەوێ بڵێ: مادامێکی مەسعوود باوەری بە پاڵنەری ئابووری نییە، وەک لە تیۆری مارکس دا هاتووە، ئەوە بیروڕاکانی ئایدیالیستین و بنەمای زانستیتان نییە و خەیاڵ ئامێزن. بەڵێ عەتا دەیەوێ بگاتە وێستگەی خەباتی چینایەتی ئەو شتەی مەسعوود محەمەد باوەڕی پێی نییە، تەنانەت باوەڕی بە کۆمۆنیزمە، بەڵام بێ ئەم برگەیەی خەباتی چینایەتییە.

تۆ سەیری ئەم بازبازێنە بێ سەروپایەی کاک عەتا بکەن!. چەند پەرەیەک لەمەو پێش دەڵێ: گوتاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی مەسعوود بارگاوین بە ڕەگەزە نەتەوەییەکان و دەبێتە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی. کەچی پاش تۆزێ وەک بڵێی بیری دەکەوێتەوە! کە مەسعوود هاوباوەڕی مارکس نییە لە پرسی ئابووریدا، دەست بۆ خەیاڵ و قەڵەمەکەی شل دەکات و بابەتێتی دەدۆڕێنێ و بۆچوونە نادروستەکەی بەو وشە ڕیزکراوانە دەردەبڕێ.

دوو کۆپلەی نووسین لە گوتاری مامۆستا دەهێنینەوە، کە جەختی بێ سازش لەسەر بیروباوەڕەکانی دەکات: " ئەوەی خۆ دەکاتە لەمپەر لە پێش هەنگاوی کوردایەتی، بە قەناعەتی من نوێژەکەشی دروست نییە، حەجەکەشی دروست نییە و هەرچی ناوی لێ دەنێت دروست نییە، ئەوە فیکری منە و ئیمانی منە".

" کوردایەتی وجود ـ بوونە ـ کەینونەیە هەبوون، پێویستی بە کراس نییە، پێویستی بەوە نییە پێستێکی لەبەر بکەی، کوردایەتی بریتییە لە حەقیقەتێک وەک خۆم مرۆڤم هەروەها کوردم، چەند مرۆڤم، چەند کوڕی باوکی خۆمم، ئەوەندەش کوردم. کوردایەتی بوێرییەکی ڕەسەنە لەمن کە مومکین نییە بیسڕمەوە".

عەتا بۆ ئەوەی بە تۆپزی بیسەلمێنێ خەباتی چینایەتی هەبووە، باس لە جیاوازی و جۆری خوێندنی منداڵی هەژار و دەوڵەمەند دەکات. جارێ وەنەبێ مەسعوود محەمەد داکۆکی لە دەوڵەمەند کرد بێت. جا براله خۆ ئێستا چەپی کورد دروشمی خەباتی چینایەتی نییە، لە کاتێکدا منداڵی بەرپرسەکان هەموو هەلومەرجێکی خوێندیان فەراهەمە و هەژار بە دوای قووتی ڕۆژانەوەیەتی. ئەی کوا خەباتی چینایەتی؟. قەرەداخی گوناحێکی ترش دەکات، مەسعوود بەوە تاوانبار دەکات، کە خۆی لە چینێکی سەرەوە بووە تێروتەسەل ژیاوە، بۆیەکا ئاگای لە ژیانی خەڵک نەبووە. سەرەتا نازانین کاک عەتا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مارکسی هەژار و ئێنگلیسی دەوڵەمەندی هاوڕێی چ دەڵێ؟!، مارکس بە پارەی ئەو دەوڵەمەندە دەژیا؟. بۆ ئەم دەربڕینە لەمەڕ مەسعوود محەمەدەوە، هەق بوو جارێ بچێ لە خەڵکی کۆیە بپرسێ و یا لەوانەی مەسعوودیان ناسیوە و لەگەڵیدا ژیاون، تا بزانێ ئەمە وابووە یاخود نا!؟... وەک مامۆستا خۆی باس دەکات و زۆریشمان دیومانە و بیستوومانە، لەسەرەدەمی وەزیریی و سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردیش دا کە میوانی هەبووە، لەسەر کورسییەکەی خۆی دانەنیشتووە. لەمە خاکەڕاییتر!. بەڵێ ڕاستە وەک بنەماڵەیەکی ڕەگداکوتاوی کۆن، بووە بوون، لێ جیا نەبوون لە هەژار و دەوڵەمەندی شارەکەی خۆیان و کەس ئەوەی پێوە نەدیوون، کە ئەمان خۆیان پلەیەک بەرزتر نیشان دەدەن. دیسان دەڵێ: مەسعوود باوەڕی بە چینی خوارەوە نییە. چونکە ئەو دێت بۆ پرسی نەتەوەیی بایەخ بە تاک دەدات و لە شیعردا بەدوای هەستی نەتەوایەتی دەگەڕێ، لە بری ئەوەی باسی چینێک بکات!. دیارە چینەکە دەبێت پرۆلیتاریا بێت، چونکە کاک عەتا بەس ئەوە دەناسێ و دەزانێ و باوەڕی پێیەتی!.

ئاخر بۆ پیاوێکی بێ ئاگا قسەیەکی لەم جۆرە، قبوڵە، لێ نووسەرێکی وەک کاک عەتا باش دەزانێ مێژووی نووسینی ئێمە بە شیعر دەستی پێکردووە. شیعریش ژانرێکی زۆر بەهێز و کرنگی دنیای ئەدەبە. گەلێ لە فەیلەسووفەکانی وەک **ئەرستۆ** و **هایدیگەر** لەسەر شیعریان نووسیوە. هایدیگەر دەڵێ: "ئەوەی من لە ڕێی فەلسەفەوە وتوومە، دەمێکە مالارمێ بە شیعر گووتوویەتی". پێناسەیەکی تر بۆ فەیلەسوفەکان ئەوەیە: " فەیلەسوفە مەزنەکان شاعیرن". ئیدی نازانم بۆچی دەبێت خەوش بێت مامۆستا مەسعوود لە سەر شیعر کار بکات، کە شیعر بۆ خۆی گوزارشتی لە بوون و مێژووی کورد کردووە؟!..شیعر تاکە چەک بووە، دەروازەی دەربڕین، میکانیزم و زمان و ئامرازی گوزارشت بووە.

خاڵێکی تر ئەوەیە قەرەداخی دەیەوێ وا باس بکات، گوایە مامۆستا مەسعوود بەهۆی کۆیەچییەتییەکەیەوە دەیەوێ گەورەیی حاجی بەسەر نالی و سالم و کوردیدا بشکێنێتەوە. ئەوەی ئاگادارە، باوەڕی بەم بۆچوونە نییە. چونکە مەسعوود محەمەد لە ڕووی شیعرێتەوە باس لە حاجی ناکات، کە پێشترە لە نالی و هەڤاڵەکانی، بەڵکو لە ڕووی کوردایەتییەوە. ئەمەش ڕاستییە و هەرکاتێ باسی مێژوو هەست و بیری نەتەوەیی دەکرێ بەدوای ناوی خانیدا، حاجی قادر دێت، نەک نالی. زۆرینەی مێژوونووسان و نووسەرانی کورد لەسەر ئەمە کۆکن. لە نووسینێکدا خوێندمەوە گوایە دڵداری شاعیر وتوویەتی : " شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینییەکانی حاجی قادر لە مێشکمدا لەسەر سەرۆکایەتی ئەدەبی شەڕیان بووە، کۆتایی ئەو شەڕە سەرکەوتنی حاجی قادر بوو". جەخت دەکەمەوە لای مامۆستا تەنها لە ڕووی کوردایەتییەوە حاجی پێش نالی بووە و بەس. ئەوەتا مامۆستا دوو کتێبی شاکاری ( چەپکێ لە گوڵزاری نالی و دەستەودامانی نالی) لەسەر نالی نووسیووە و زۆر زۆر بەرز نرخاندوویەتی و پێی وایە کورێ نەتەوەیەکی بندەست نەبووایە زۆری لە شاعیرانی دەوروبەر ـ حاز و سەعدی و موتەنەبی ،هەڵۆ ـ تێپەڕاندووە.

قەرەداخی لەمەش زیاتر دەڵێ: مەسعوود گەڕان و هاتووچۆی مەلا و فەقێکانی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بە ڕایەڵەیەکی هەستی نەتەوەیی دەزانێ.

بەندە لە کتێبی **"جیهانبینی نەتەوەییانە لە هزری مەسعوود محەمەد دا"** بە دوورودرێژی باسی ئەم دوو خاڵەم کردووە و بیروڕاکانی مامۆستام شرۆڤە کردووە. خوێنەر دەتوانێ لەوێ زۆر بەتێروتەسەلی جیهانبینی مامۆستا مەسعوود بخوێنێتەوە. بەکورتی سەبارەت بە شیعر ئەوە گوناحی مامۆستا نییە، بەڵکو مێژووی نووسراوی کورد ئەوەی تا ئێستا هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی شیعرەوە پێمان گەشتووە. خانی مەم و زین دەکاتە بیانوو بە شیعر بیروڕا و ئایدیاکانی خۆیمان پێ ڕادەگەیەنێ. ئەڵمانەکانیش هەمان شێوە مێژوویان هەیە، لەم کۆنتێکسەدا، هەمیشە باس لە شاعیرانی وەک ئارند Ernst Moritz Arndt و کلۆپشتۆک Friedrich Klopstock و هتد دەکەن. ئینگلیز باس لە **شەکسپیر** Shakespeare دەکات. خاڵی دووەمیش مەسەلەی فەقێکان دەق دەکاتە ئیۆرییەکەی گەورە بیرمەندی ناسیۆنالیزم Karl Wolfgang Deutsch بەناوی کۆمۆنیکاسیۆنی کۆمەڵایەتی و ناسیۆنالیزم. ئەم تێزەش جگە لە مەسعوود محەمەد هیچ نووسەر و مێژوونووس و کۆمەڵناسێکی کورد پەی پێی نەبردووە. بەڵێ ئەوە واقیعی تاڵی کوردستانە، نەک یۆتۆبیای ناو دەقەکان!.

بەم جۆرە عەتا بۆ ئەوەی ڕەخنە لەم دوو خاڵە گرنگە بگرێ، دەڕوا تا دەڵێ: بۆیە بەشێک لە پایەکانی گوتاری مەسعوود بێ ڕەگوڕیشە دەبن لە بۆشاییدا بەهەڵواسراوی دەمێننەوە.

ئەوەمان باس کرد، کە مەسعوود بنەمای ئابووری بۆ بەدەوڵەت بوون بە گرنگ دەزانێ و لێی بێ ئاگا نییە، بەڵام بە باوەڕی ئەو ئەم فاکتە پاڵنەر و بزوێنەری مێژووی کۆمەڵایەتی مرۆڤ نییە. ئەمە دوو پرسە زۆر جیاوازن. جا یا ئەوەتا قەرەداخی لێی تێنەگەشتووە یاخود بە زۆر تێکەڵیان دەکات و نازانێ چۆن لێیان هەڵ بێت. بە واتایەکی تر هەر دەوڵەت دروستکردن مێژوو نییە، چونکە دیسان دروستکردنی دەوڵەتیش هەر داهێنانی مرۆڤە.. وەک کارل دویچ دەڵێ : گرنگترین داهێنانی مێژووی مرۆڤ،دەستگای دەوڵەتە".

گەلێ میللەت هەن ئابووریشیان نەبووە دەوڵەتیان هەیە، ئابوورییان هەیە و دەوڵەتیان نییە. لێ لە دۆخی کورددا مامۆستا مەسعوود،باس لە هەڵکەوتە جوگرافیاییەکە و بارودۆخی سیاسی گەمارۆدراوی کوردستانی کردووە، لە نێو ٣ زلهێزەکەی ئێران و بابل و ئاشووردا. پاشان کوردستان هەمیشە پێخوستی زۆرینەی شەڕەکانی ئەوان بووە، هاتوون و چوون کوردستانیان کاول و تاڵان کردووە. سەیر لەوەدایە قەرەداخی ئەم خاڵەش دەبەستێتەوە بە مارکسەوە و دەیەوێ قسە لەسەر ژێرخانی کۆمەڵایەتی بکات. بۆیە دێت و دەڵێ: دواکەوتنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کورد، بەهۆی کۆنەبوونەوەی سەرمایە لە کوردستان. پێکنەهاتنی ژێرخانێکی پتەو ڕۆڵی هەیە لە دروست نەبوونی سەرخانێکی پتەو. هەموو کەس دەزانێ دەوڵەت چەند کاریگەری دەکاتە سەر تیفتیفەدان و پتەوکردن و چلوورەبەستنی هەستی نەتەوەیەتی سەرلەبەری هاوبەش.

قەرەداخی باش دەزانێ مامۆستا مەسعوود بەرپرسی زانکۆی کامبیرج یان سۆربۆنە و چەند پەیمانگا و دامەزراوی لەبەردەستیایە و کۆمەڵێ ئاسیستێنت و هاوکاری ، هەبێت ئامادەکاری و کارئاسانی بۆ بکەن و ئەویش بە کەماڵی ئیسراحەت دەستی بگاتە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بە هۆی تەکنەلۆژیا و ئینەرنێتەوە، کرتەیەک لەسەر ـ ویکیپیدیا ـ بکاتزانیاری دەستکەوێ و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. بەڕاستی لام سەیرە بۆ قەرەداخی وا دەکات؟ هێندە ناواقیعییە ناتوانێ بارودۆخی مەسعوود محەمەدێک و هەلومەرجە سەختەکەی و ڕۆژگارەکەی وەک خۆی بهێنێتە بەرچاو و تێی بگات. ئەمە لەوە

گەرێ گەر هەزاران نوسینی ئاکادیمیایی و زانستیشی بەرهەم بهێنایە، کە زەمینەی لە کوردستانی دواکەوتوو و هەژار و نەخوێندەوار نەبوو. مامۆستا دەبوو چ بکات ! کە خەڵک تێی نەگا و ئاوڕی لێ نەداتەوە. هەر لەم ڕوانگەوەیە مەسعوود بەزمانی واقیع، واتە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەنووسێ و واقیع بە باوکی فەلسەفە دەزانێ..

خاڵێکی تری قەرەداخی لەسەر مەسعوود محەمەد ئەوەیە لە گوتاریدا، ئایین و دەوڵەت لێک جیا دەکاتەوە و بایەخی بۆ پەروەردە و زانین هەیە. Fichte فیشتەی گەورە فەیلەسووفی ئەڵمان دەڵێ: " گەر بتەوێ نەتەوەیەک ڕزگار بکەیت،لە ڕێی پەروەردە دەبێت". هەر ئەم فەیلەسووفە وەک تاکێکی هەڵکەوتوو، لە سەردەمی داگیرکاری ئەڵمانیا لەلایەن ناپلیۆنی فەرەنساوە،وەک تاکێکی هەڵکەوتوو ماۆستای زانکۆ، بەچەند وتارێک کە بەناوبانگە (چەند وتارێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان))، ڕۆڵی ڕۆشنبیرانەی خۆی وەک تاکێکی هەڵکەوتوو دەگێڕێ. **ڕۆسۆ** Rousseau وەک تاکی هەڵکەوتوو و هەڤاڵەکانی لە شۆڕشی فەرەنسادا ڕۆڵیان گێڕا.

ئەوەی جێی سەرنجە قەرەداخی دەڵێ: مەسعوود لە بری دەوڵەت وشەی کیانی سیاسی بەکار دێنێ. پێموایە هەردووکی یەک مانایە و حکومەتیش لەسایەی دەوڵەتدا هەیە. مەسعوود لەزۆر تێکسدا وشەی دەوڵەتی بەکار هێناوە، جارجارەش کیان. ڕەنگە کاک عەتا بیەوێ( قەدەغەکراوەکانی / ممنوعاتی)!! سەردەمی سەددام لەبیر خۆی بباتەوە. بە کورتی کاک عەتا جارێک پێمان دەڵێ: مەسعوود خاوەن گوتاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیی تەواوە و جارێکی تر بە پێچەوانەوە. بەهەر جۆرێک بێت،بەدوای بچووکترین نەنگی مەسعوودەوەیە!.

کورد دەڵێ: قسە هەزارە و دووی بەکارە.. مامۆستا بە چەندین شێوە پێناسەی کوردایەتی کردووە، بە کەینونە،بە بوون/ وجود بەوەی کوردایەتی لای ئەو وەرزی نییە تا ئەوەی دەڵێ: ئیمانم کوردایەتی و کوردایەتی بەدیلێکی بە شەرەفە بۆ هەر کوردێکی بەشەرەف.

خاڵێکی هێجگار زەق لە نووسین و ژیانی فیکری مەسعوود محەمەد پرسی چەپ و کۆمۆنیست بەتایبەت هی کوردە و عەتاش چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کردووە، کە لە ڕاستیدا ئەوە پێویستی بە خوێندنەوەی سەربەخۆی بابەتەییانە هەیە. هیچ بەنیاز نەبووم لێرەدا قسەی لەسەر بکەم، لێ چونکە کاک عەتا ڕاستییەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە، ئۆباڵی کارەکە دەکەوێتە ئەستۆی. قسەی منیش ڕوو لەوانەیە کە هێشتا شەوارەی تیۆرییەکە بەری نەداون.

هێندەی بەندە لە هزری مامۆستا گەشتبێت، کێشەی مامۆستا دژایەتی مارکسی چەپ نییە بەڵکو ڕەتکردنەوەی هەندێ برگە و باوەڕ نەبوون بەهەندێکی تر و ڕەخنەیەکی بابەتی زانستییە، لە تیۆرییەکە و هەڵوێستیان ئەو بەرەیە، سەبارەت بە دۆزی نەتەوایەتی کورد. لە ڕێگای تێشک هاوشتنە سەر تیۆرییەکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە و نیشاندانی ڕێگای ڕاست و دروست و هەڵکردنی چرای ڕووناکی هەق و ڕاستی و زانستەوە، کە تێکڕای بۆ خۆشەویستی مرۆڤە.

مامۆستا مەسعوو، وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێ:**" کۆمیۆنیستی کورد ئەگەر با بدنەوە بەرەو ئامانجەکانی قەومایەتی و چارەنووسی نەتەوایەتی کورد، بادانەوەیەک کە پێداویستی بیروباوەڕێکی تازەیان بێ، لە هەموو تاقمێک زیاتر دەتوانن خزمەتی کورد بکەن. چونکە هەم پێوەندی دۆستایەتییان بەمەلاو بەولادا شریتەی کێشاوە ـ ئەمە ساڵی ١٩٨٤، نوسراوە شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی پایەدار بوون .هەڵۆ ـ هەم پتر لە خەڵق قسەیان لێ دەسەلمێندرێ".**

ئەم باسە لایەنێکی فیکرییشی هەیە، لێرەدا ناچێنە ناوییەوە، بە کورتی بەلای مامۆستاوە هۆش و ئەقڵ، وەک خەسڵەتی تایبەتی مرۆڤ، هۆکاری هەرە سەرەکی باڵادەستی و سەروەری مرۆڤ پێکدێنن لەم گەردوونەدا. کەواتە بێ خەباتی چینایەتی تیۆری مارکسیزمیش دەچێتە ریزی هەموو ئەو هیپۆتێزانەی پێشتر هەبوون!.. مەسعوود وەک پێشتریش باسمان کرد دژی قاڵبی ئامادە و فیکرەی شەختەکردووە، تەفرەدانی جەماوەر، کە کۆی مرۆڤە بەتاوانی بێ پاساو دادەنێ و حیزبایەتیش بەو مۆدێلەی پێشکەشکراوە قێزەونە. گەلێ بایەخ بە ڕۆڵی تاک دەدات، تا کۆمەڵگایەکی خاوەن ئیرادەی مەحکەم و نەلەقیو بهێنێتە کایەوە و گەلێ پرسگەلی دیکە. بە شێوەی گرنگ ڕاستی و هەق دەبێت شەرەفی هەموو شتێک بێت.

قەرەداخی کاتێ دەیەوێ باسی هەبوونی ململانێ چینایەتی بکات، وەک بەڵگە ئاماژە بە گەشەی خێرای پارتی کۆمەنیستی عێراق دەکات لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابووردوودا. بەڕاستی سەیرە گێچی چاوی کاک عەتا ئەم دیاردەیەی خوێندۆتەوە، وەک بەڵگە بۆ بنەمایەک، خۆی وتەنی بە زانستی دەزانێ!. جارێ ئەو دیاردەیە ڕەنگدانەوەیەکی خێرای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بوو. دوور لە ناوەوەی جیهانی سێیەمدا، لە نموونەی عێراقی تازە دروستکراودا! دەستێکی

گوماناوی هانی تەشەنەکردنی ئەم بیرەیان داوە و تەنانەت زۆر بەڵگە و قسەوباس لەسەر ڕۆڵی ئینگلیز لەم بارەوە هەیە**!**. گەرچی بەداخەوە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی بابەتی لەسەر هاتنی ئەم بیرە بۆ کوردستان نییە، لێ ئەو نموونە کوردانەی لە پارتە کۆمەنیستەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادان، بەشی هەرە زۆریان نموونەی کەسانێک، کە بە هیچ جۆرێک ناکەونە خانەی خاوەن گوتاری نەتەوەیی کوردی یاخود تەنانەت کوردستانیش. ئەوە شێخی کۆمەنیستەکان خالید بەگداش و زۆری تریش لەوانەی ناو پارتی کۆمەنیستی تورکیا و ئێران و عێراق.. هەرچەند دواتر سەرانی کوردی ناو کۆمەنیستی عێراق بەهۆی بەردەوامی کاریگەرێتی شۆڕشی کوردەوە، نێزیکتربوونەوە لە پرسی نەتەوەیی و بەپێی قۆناخە جیاوازەکان ددانیان بە مافی کورد تا دیاریکردنی مافی چارەنووس هێناوە. ئێستا گەر بێت سەیری ناجۆری لە نێوان خەباتی نەتەوایەتی ئەوەی ئەوان دەیانکرد بەناوی خەباتی چینایەتییەوە بکەین، کتومت دەکاتە تورکیاچێتی و ئێرانچێتی و عێراقچێتی و سووریاچێتی. لەبەرئەوەی باسەکەی قەرەداخی **!** لێرەدا ئەوانەی عێراق زیاتر بە نموونە وەرگرین، کە چەند هەنگاوێکی باش لە پێش ئەوانی ترەوەن.

بە نموونە: حیزبی شیوعی عێراق و بەرەیەکی زۆر بەرفراوانی چەپ باوەڕییان بەوەیە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی عێراقی بۆ دیموکراتی و سۆسیالیزم و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە مەرجەکانی خۆیانەوە**!!** و بزووتنەوەی عێراقیش بەشێکە لە هی عروبە و ئامانجی عروبەش دژایەتی ئیمپیریالیزم و تێکشکاندن و لەناوبردنی زایۆنیزمە. جا بە ڕیش هەمووان، ئەم دروشم و ئامانجانە هەرگیز لەگەڵ تاکە سەرەداوێکی کوردایەتیدا دێتەوە**؟!**.

تۆ وەرە چەپ بیت و لە قەندیل و دۆڵی مەجیدخان و سەرچیای جودیی و دەشتایی قامیشلۆوە ئەمە بانگەواز و باوەڕ و تێکۆشان بێت**!**، بێ سێ دوو دەکاتە ڕێگریی و باوەڕنەبوون بە بزاڤی نەتەوایەتی کورد. کوێرەوەری لەوەدا خەستتر دەبێتەوە چەپی تورک و فارس و عەرەبیش لەهەمان ڕوانگە و پێگە و جوگرافیاوە هەمان باشگاشە بکەن**!**. واتە لە کوردستانەوە دیموکراسی بۆ ئەنقەرە و تاران و بەخدا و دیمەشق بەرن. ئەم مۆدێلی شوورەوییە، ئا لەو شوێنەدا شکستی خواردووە کە مۆسکۆ خۆی دیموکراسی تێدا نەبووە. ئۆردووی سوور بەزۆری پارتی کۆمەنیستی لە زۆربەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی و وڵاتانی ژێر چنگی رووسیادا، هێنایە سەر تەختی دەسەڵات. دەنا ئەم حیزبە کۆمەنیستانە، بە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتاریایی یاخود بە دەنگی جەماوەر و هەڵبژاردن دەسەڵاتیان نەگرتۆتە دەست. هەربۆیەشە لە ئاکامدا بە شنەیەکی کەمی گلاسنۆست و پێرۆسترۆیکا داڕمان و بەشێکیان خوێنڕێژییان ئەنجام.

کەواتە تێڕوانینێکی وەک ئەوەی پارتی کۆمەنیست بۆ پرسی نەتەوەی کورد، وزە و توانا و هێزی نەتەوە هەڵدەمژێ و بەلارێیدا دەبات. دەیخاتە سەر ڕێچکەی بەرەو خەباتێکی خوێناوی بێ بڕانەوە بۆ پرۆلیتاری جیهانی. ئەوە نییە یەکەم سکرتێری پارت کۆمەنیستی عێراق **فهد** دەڵێ: **نحن نريد حزب العمل ولا حزب الامل**،واتە ئێمە **(پارتی کارمان دەوێ نەک پارتی هیوا)**،ئاماژەیە بۆ پارتی هیوا بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی. کاتێکیش خۆی دێتە سەر دەسەڵات، تۆی لەبیر نامێنێ و خۆی بە پۆلیس و دەزگای هەواڵگیریی دەوڵەت بەگشتی و ئامرازەکانی تری تۆقاندنی مرۆڤ دەپارێزێ.

بەم شێوەیە دەبینین قەڵا و میحرابی نوێژکردنی چەپ مۆسکۆ بوو، هەتا ئێستاش بۆ زۆریان هەروایە**!**. ـ هەرچەندە نابێت لە بیر بکەین، بەشێکی بەرچاوی چەپی کورد دوای ڕووداوە تراژیدیاکانی هەڵەبجە و ئەنفال و گڵاسنۆست و پێرۆسترۆیکا و داڕمانی دیواری بەرلین و کۆتایی شەڕی سارد، ئاسۆیەکی نوێی فراوانیان لەبەردەمدا واڵا بوو، لەوێوە تێڕوانینێکی باشتریان سەبارەت بە پرسە هەستیارەکان لا دروست بوو. هەر زوو هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەی چەپایەتی کوردستانیان دا و هەوڵی تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕ لەسەروەرییان بۆ خۆیان دا .

مۆسکۆ ئەوکات هەتا ئێستاش هەمیشە و بەردەوام دۆستی پترۆدۆلاری داگیرکەرانی کوردستان بووە. نەک لایەنگری بزاڤی کوردایەتی، بەمەرجێک لەوەش ئاگادار بووە، کە باڵێکی هەرە سەرەکی کورد لە خۆیان بووە. کەچی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و چاوچنۆکی بەرژەوەندی ئابووری خۆیان دەهاتن و دەبوونە پارێزەر و پشتیوان و ئەندازیاری هاوکاری دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پشتتیان دەکردە کورد. **پریماکۆڤ** ڕاوێژکاری رژێمی عێراق بوو وەک ئەندازیاری ڕێکەوتنامەی ٤ ساڵەی ئازار و دواتر نەخشەی ڕاگوێزانی گوندەکانی سەر سنوور و خزاندنیانە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە، بەناوی کۆمەڵگای مۆدێرنەوە.

مۆسکۆ سەددام و جەمال عەبدولناسر و حافز ئەسەد نەگۆڕیوەتەوە بە هەرچی سکرتێری حیزبە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەیە. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە بوو، بەناوی داکۆکیکردن و مانەوەی دەوڵەتی سۆسیالیستەکەی رووسیاوە، دواتر دەوڵەت و میللەتانی جیهانی کۆمۆنیزمیشی ـ شورەوی،ئەلبانیا،یوگسلافیا،کۆریا و پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژئاوا ـ کردە چەندین

بەرەوە و هەر لایەک بەپێی بەرژەوەندی خۆی دەیویست هەنگاو بنێ. لەتەک ئەو ڕاستییانەی سەرێ، دەبێ بڵێین، لەکوردستان مارکسایەتی وەک شەپۆلێکی مۆدە وەرگیراوە. ئەوەی هەبووە ـ بەشی هەرە زۆری ـ بە وتەی جەمال نەبەز "مارکسی ئەنقەرەیی و تارانی و بەخدایی و دیمەشقی" بووە. بیرمەندێک لەم ڕووەوە دەڵێ: " ئەوە چ کەڵکێکی هەیە بۆ مرۆڤ، فێری خوێندن و نووسین ببێت و بەڵام ئەقڵ و بیری بۆ خەڵکی تر بەجێبهێڵێت".

بەداخەوە تا ئەو سەردەمەی ڕۆڵ و کاریگەرێتی نێودەوڵەتییان هەبوو، ئەمانە نەهاتن سوود لەم ئەم بیر و ڕێباز و تیۆرییە وەرگرن و بیکەنە چەک و باوەڕ و ڕێبازێکی کوردیی و بخەنە کار بۆ پرسی ڕزگاری و سەربەخۆیی خاک و نەتەوە. وەک ئەوەی کوردایەتی باوەڕی پێیەتی بۆی تێدەکۆشێ.. هەر بۆ مێژوو لە ئەدەبیاتی پاسۆک دا چەندین وتار و بانگەواز هەن، داوای دروستکردنی پارتێکی کۆمەنیستی کوردستانی دەکەن. پاسۆک لەگەڵ ئەوەدا بوو، ئەم پارتە دروست بێت و لە گەلێ لاوە هەوڵی دا و لە دەست پێکردنیشدا، هاوکاریی کردووە و ئامادەیی خۆی بۆ پشتیوانی دەربڕیوە.

بەڵام بەداخەوە، ئەوی بە بیری کۆمەنیستی و چەپایەتییەوە سیاسەتی دەکرد، ملکەچی مۆسکۆ بوو. مۆسکۆش چونکە هەموو ماڵی خۆی لە شووشە بوو!، داگیرکەری گەلێ وڵات و نەتەوە بوو، ڕێگەی بەم جۆرە مۆدێلە نەدەدا. بۆیەکا ئەمانیش کتومت بەپێچەوانەی ویست و داخوازییەکانی کوردەوە کاریان کرد. ئەمەش ئێستا بۆتە مێژوو بە کەس ناسڕێتەوە، جا با هەزارانی وەک قەرەداخی چاوی خۆیان لەئاستیدا بنوقێنن. کۆی ئەم باسانە و زۆر شتی تریش کە نە ئامانجی من و نە ئامانجی ئەم نووسینەیە ـ کاک عەتا وروژاندوویەتی ـ دەیسەلمێنن، بەڵێ ئەو جۆرە بیرکردنەوە سیاسەتە چەپایەتییە، بەڵگەی زیندووی ئەو زیانەن، کە لە کوردیان داوە و بزاڤی کوردایەتیان پێ لاواز کردووە. لەمە زیاتر نموونەی دیکە زۆرە بیهێنمەوە.

با تەماشای پارتی چەپی ئیسرائیلی بکەین، تا ئێستا نزیکەی ٤ـ٥ لە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی سەر بە پارتی کرێکارانی ئیسرائیل بوون و واتە چەپ بوون. کەچی کەسیان نەهات هەڵوێستەیەک بنوێنێ، مێژووی ئیسرائیل قلْپ بکاتەوە و دەوڵەت بڕوخێنێ. وەک ئەوەی چەپی کورد دەیویست هەموو شتێکی کوردی بڕوخێنێ، کە بەدەستی کرێکار بەرهەم نەهاتووە و شۆڕشەکانی کورد بشێوێنێ، لەبەر ئەوەی بەدەستی پرۆلیتاریا هەڵنەگیرساون و هەرچی خەسڵەت و بنەمای تایبەت بە کوردبوونە بسڕنەوە و باوەڕی پێ نەکەن، چونکە لەگەڵ تێزەکانی مارکسدا هاوجووت نایەنەوە. بەواتایەکی تر سەرلەبەری مێژوو و کۆمەڵایەتی و هونەر و زۆر لایەنی تری کورد ڕەت دەکرایەوە، بەنازانستی و ناسروشتی دادەنران، چونکە پێچەوانەی بنەماکانی مارکیسیزمن...

هەرگیز گوێمان لێ نەبووە کۆمۆنیستی فەلەستینی و عەرەبی بڵێن خەباتی ئێمە، بەشێکە لە خەباتی جەماوەری ئیسرائیل!. بەهەقەت پێویستە کۆمۆنیست و چەپی کورد پێداچوونەوەیەکی بابەتی و بێلایەن بکات بەم مێژووەدا، هەڵسەنگاندنێکی وردی مێژوویی بۆ ڕابووردی بکات، تا ئاسۆی ئایندەیان زۆر گەشتر بێت و بتوانن ئەوانیش شانبەشانی بیر و هێزەکانی تر، ڕۆڵی کاریگەرتریان هەبێت لە خەباتی سەربەخۆیی و ئەو ئامانجانەی هەڵیان گرتووە.

جارێکی تریش جەخت دەکەمەوە من بۆ خۆم خۆشحاڵم بەم دنیا کرانەوەیە و ئەو گۆڕانە ئەرێنییەی بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتووە. بەرەیەکی فراوان لە کەسانی چەپی نەتەوەیی هوشیار و خاوەن هەڵوێستی کورد دەبینم. ئەم وەرچەرخانە گەرچی درەنگیش هاتووە، لێ دیسان مێژووە و نیشانەی گەشی بەرەوپێشچوونە، چونکە بە هەموو دڵنیاییەکەوە چەپەکانی ئەم بەرەیە گەر لە دووڕیانێکدا سەرپشک بکرێن لە نێوان نەتەوایەتی و نێونەتەوایەتیدا، ئەوە بێ سێ و دوو یەکەمیان بۆ خزمەتی دووەمیان هەڵدەبژێرن.

قەرەداخی لە کوێوە ئەم باسەی زیندۆکردۆتەوە چ مەبەستێکی هەیە؟ ئەوە خۆی دەزانێ بەڵام لە میانەی باسەکەدا ئەوەی بۆمان ئاشکرا دەبێت، لە پاڵ کۆمەڵێ هەڵوێست و مێژووی خراپ و بیرکردنەوەی ناواقیعییەوە، جارێکی تر هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر کاژیک و پاسۆک تاوانباریان دەکات بەوەی خاوەن جەماوەر نین، چونکە داخراون.. ئەو برا بەڕێزە پێمان ناڵێ ئایا جەماوەر لەگەڵدابوون بەتایبەت لە دەقەرەی ئێمەدا بەڵگەی چییە؟

" ڕاستی باوەڕ لە ژمارە زۆریی لایەنگرانیدا نییە، وەک ئەوەی ناڕاستی لە ژمارە زۆریی ئەوانەشدا نییە،کە ڕەتی دەکەنەوە" مەسعوود محەمەد لە گووتەیەکی نێزیک B.Russell دەڵێ: " تەنانەت گەر هەمووش لەسەر بیروباوەڕێک بن، دەشی هەر هەموو هەڵەبن.

سەددام و ئەسەد لە هەڵبژاردنەکاندا٩٩% دەنگییان بۆ تۆمار دەکرا... خومەینی و ئەردۆغان زۆرینەیان لەگەڵدا بووە. ئەو سێ چوار پارتە گەورەی کوردستانیش زۆرینەی خەڵکیان لەگەڵ دایە. باشە ئەمانە نیشانەی ئەو گوتارە و واقیبوون و جەماوەری بوونی بیر و فەلسەفە و ڕێبازەکەیانن!!!، یاخود؟؟؟؟؟. پێموایە کاک عەتا بۆ ئەو شێوازە لە خوێندنەوەی چ مەسعود محەمەد و چ ئەوانی تر و کاژیک پاسۆک ، چەند ئامانجێکی لەبەرچاو گرتووە:

- ناشیرینکردنی بزاڤی نەتەوایەتی لە لەسەر دەستی کاژیک و پاسۆک دا، کە مێژووی بیری نەتەوەیی پێک دێنن، هەر نەبێت لەم چەند دەیەیەی ڕابووردوودا.( ئەمەش نەک بەو مانایەی بمەوێ بڵێم: ئەم حیزبانە نموونەی هەرە باڵا و پێرفێکت و بێ کەموکوڕی ستراکچەر و گوتار نین!). ناشیرینکردنەکەش لە ڕێگای کوتانەوە و جوینەوەی ئەو بەیت و بالۆرەیەی لە پەنجاکانەوە دژ بە کوردایەتی دەهۆڵی بۆ لێ دەدرێت. واتە کاک عەتا شتێکی نوێی نەخستۆتە سەر وتراوە بێ ماناکان. پێم وایە ناوەڕۆکی کارەکەی قەرەداخی و پەیامەکەی سیاسییە، نەک لێکۆڵینەوەی بابەتی و ڕەخنەی دروستکەرانە.

- پاساو هێناوە بۆ چەپی کوردی هێشتا ڕەدووی مۆسکۆ کەوتوو، چەپێکی لەو مۆدێلە کە لەمەیداندا، شکستی خواردووە و چۆتە مۆزەخانەوە و شەمەندەفەری مێژوو بە کۆمەڵێ بەپرسیارێتی و هەڵەی زەقەوە بەجێی هێشتوون.


- ڕازیکردنی دڵی کەسانێک!، لایەنێک کە حەزیان بەورووژاندن و جوینەوەی ئەم جۆرە باسانەیە و وەک دەڵێن: تا گۆم بشڵەقێن و ئەوان مەلەی خۆیانی تێدا بکەن.

کەواتە گەرچی لە سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم و گلۆبالیزم دا دەژین، کەچی کاک عەتا گەنگەشەی دیاردەکانی سەردەمی کۆمۆنەی سەرەتاییمان لەگەڵدا دەکات. وا هەست دەکەم کاک عەتا بە خەیاڵ و بیرکردنەوە، هێشتا لەسەردەمی پێش مانیفێستی کۆمۆنیزمدایە.






Masoud Muhammad
Relegation worries


MASOUD MUHAMMAD
2002 — 1919
Masoud Muhammad




MASOUD MUHAMMAD

**بەشی ٣ ـ ٣ دوابەش**




**شوکور مستەفا ١٩٢٤ ـ٢٠٠٣**

عەتا قەرەداخی بە هەندێ لە بەرهەم و نووسینەکانی ڕەوانشاد شوکور مستەفامان دەناسێنێ و ئاماژە بەو بڕگە و باس و بۆچوونانەی دەکات، کە لەسەر بنەمایەکی ماتریالیزمی دەڕوانێتە مرۆڤ و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. قورسایی کاری شوکور لەسەر زمان و سیستەمی خوێندن دەخاتە ڕوو لە وڵاتێکی وەک عێراقدا، کە منداڵی کوردیش ناچار دەکرێ بە زمانی دایکی نەخوێنێ و بێبەش بێت لەم مافە سروشتییە. بەواتایەکی دیکە گیانی عێراقیبوون دەکرێتە بژێوی و دەکرێت بە گەرووی تاکی کورددا .

قەرەداخی ئاماژە بە خوێندنەوەی مێژوو و گەشەی ئابووری و پەیوەندی کولتوورو مرۆڤ یان کۆمەڵ لای شوکور مستەفا لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی و تیۆری مارکسیزم و ململانێی چینایەتییەوە دەکات. بە گشتی وا سەیری مرۆڤ دەکات، کە بوویەکی خۆڕسکی کۆمەڵایەتییە و لەئەنجامی ئەو کۆمەڵایەتبوونەشدا، چالاکییە مرۆییەکان و بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێنێ. بۆیەکا قەرەداخی نووسەر بە خاوەن گوتارێکی گەردوونی/ نێونەتەوەیی دادەنێ. لە هەناوی گوتارەکەیشیدا باسی یەکسانی نەتەوەکان و دژی دیاردەی نەتەوەی سەردەست و بندەستە، هەموو نەتەوەیەک بەخاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیی و سەربەخۆ دەزانێ... لێرەشدا دەگەڕێتەوە بۆی لای شیعر و فۆلکلۆر وەک شوێن و سەرچاوەیەکی بێ چەندوچوونی بەرجەستەبوونی هەست و هوشیاریی نەتەوەیی. ئەم خەسڵەتانەش هەموو ئەوەمان پێ دەڵێ: شوکور مستەفا خاوەنی گوتاری سەربەخۆخواز و نەتەوەیی کوردییە.

سەرنج بدە! بەلای کاک عەتاوە گەڕانەوەی شوکور بۆ لای شیعر و فۆلکلۆر، نازانستی و وەهم و خەیاڵ پاراوی نییە، لێ بۆ مەسعوود محەمەد، ئەوەی نەوتراوە وتی و دەیڵێت. ئەمەش جۆرێکە لەسەر لێشێوان یاخود گومانێک بە نیشانەی پرسیاری گەورە و تۆخەوە!. یاخود خاترانەیەکی تری مامۆستا شوکورە،چونکە ئەمیش پاشخانێکی تێڕوانین و دیدی مارکسییانەی هەبوو. قەرەداخی بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی شوکور مستەفا،گووتەیەکی دەخاتە بەرچاو:" ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بێجگە لە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراقی عەرەب بە هیچ پینە و پەڕۆیەکی دیکە قایل نیم".

هەرچەندە قەرەداخی دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە مەلا شوکور و هەندێکی ترلە کەسانی خاوەن گوتاری نەتەوەیی کوردی، تەنیا باوەڕیان بە دەوڵەت لەیەک پارچەی کوردستاندا هەیە. بەڕاستی ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە باسەکان زیاتر قسەکردن بوون لەسەر باشوور وەک ـ دۆخ و نموونە یەکی بەرچاوتر.ـ پاشان با پێ لە هەقیقەتێکی تریش بنێین، گەر کورد لە عێراقدا نەتوانێ لەتەک عەرەبدا بژی!، ئەی پێم ناڵێن، چۆن لەگەڵ تورک و فارس دا تواناى پێکەوە ژیانی دەبێت؟!. بەتایبەت لە سایەی ئەو هاوکێشە لاسەنگەی،کە ئەوانی تێدا برا گەورە و کورد بچووک و بە شەیتان کراو بێت؟!. کەواتە هیچ لۆژیک ئەمە قبوڵ ناکات و سەربەخۆیی تەواوی کوردستان ئامانج بووە.

دەتوانم ئەوە بڵێم جگە لە تاکە تێبینییەک، کاک عەتا تا ڕادەیەکی باش توانیوەتی گوتاری ئەم نووسەرە گەورەیەمان بە دروستی پێشکەش بکات. تێبینییەکەم ئەوە چۆن قەرەداخی ئاماژە بە گرنگترین کتێبی مامۆستا شوکور نادات« سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری»٢٠٠٦ هەولێر؟. لێرەدا بەجوانی پوختەی جیهانبینی گوتاری نەتەوەیی مامۆستا و باوەڕی ڕەهای بەسەربەخۆیی کوردستان ـ گەر لە بەشێکیشدا بێت ـ بەتایبەت بەرچاو دەکەوێت.

**جەمال نەبەز ١٩٣٣- ٢٠١٨**




ئەوە یەکەم جار نییە عەتا قەرەداخی هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکان لەسەر کاژیک و پاسۆک و هەندێ لە کەسایەتییە دیارەکانیان بدات. بە درێژایی قسەکردنی لەسەر ئەم ناوانە، بۆچوونێکی هەڵە و نێگەتیڤی تۆمار کردووە. دیارە با لە پێشڕا بڵێم، ئەم بۆچوونەم بەو مانایە نایەت، قەرەداخی یان کەسێکی تر!، بۆی نییە ڕەخنە لە و حیزب و کەسانە بگرێ. نا نەخێر و هەرگیز نەخێر، ڕەنگە بە شانازییەوە بڵێم، کەس هێندەی ئێمە سنگفراوان نەبێت لە وەرگرتنی ڕەخنەدا. بەڵام لێرەدا کێشەکە نابابەتێتی و شێواندن و ناشیرین کردنێکی مەبەستدار بەرقەرار کراوە و بوختان داتاشراوە، نەک ئەوەی پێی دەوترێ، ڕەخنەی بونیاتنەرانە!.

قەرەداخی دەیەوێ بزانێ جێگە و پێگەی ئەوانی تر فارس و تورک و عەرەب، لە گوتاری نەتەوەیی جەمال نەبەزدا کوێیە و نەبەز چۆنیان تێ دەڕوانێ؟. وەک لێکۆڵەرێک و پرسیارکەرێک، ئەمە کارێکی بابەتی و لۆژیکدارە. کەچی بە درێژایی باسەکەی یەک تاکە نموونەمان ناخاتە بەردەست لەو تۆمەتانەی دەیداتە پاڵ نەبەز، بیتوانی بیسەلمێنێ،بیروڕای نەبەزی لەسەر ئەوان بە نەرێنییە تێدا ڕەنگ بداتەوە. بیروڕایەک کە قەرەداخی بە تامەزرۆوە چاوەڕێیەتی، نەبەز وەک نەتەوەییەکی داخرا و توندوتیژ و شۆڤێنی بنوێنێ. وەک ئەوەی قەرەداخی زۆر نابابەتییانە و دوور لەهەر ڕاستی و مافێکی سەرەتایی، بەدرێژایی ناوهێنانی نەبەز بەم خەسڵەتانە تاوانباری دەکات. قەرەداخی ئەوەی لێ تێکچووە، کەوا خەڵکی نەتەوەیی چۆن ڕێز و خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی خۆی بە هەمان شێوەش بۆ هەموو گەلانی دیکەی هەیە. لێ هاوکێشەکە بەلامانەوە، لە دۆخی میللەتی داگیرکەر و داگیرکراو، سەردەست و بندەستدا، ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت. ئەمە خاڵە گەوهەرییەکەیە جیاوازی نێوان کەسی نەتەوەیی و کەسانی نێونەتەوەییە بە ڕەهەندی مارکسی یان ئایینی. کورد لێرەدا نابێتە برای هیچ کام لەم نەتەوانە، تاوەکو مافەکانی زەوت کرا بێت. هیچ یاسا و ڕێسایەکیش نییە، ئەمە بسەلمێنێ، جگە لەو دوو ئاراستەیەی بۆخۆیان ناوەرۆکێکی نێونەتەوەییان هەیە و لە کرداردا،بۆ خاوەنەکانیان زۆر نەتەوەییانە دادەدۆشرێن و ملیش بە شۆڤێنێتی و ڕەگەزپەرستێتییەوە دەنێ. ئەوە بەعسی عێراق و سووریا ،چۆن ئیسلام لە مەیدانی سیاسەت و کولتوور و پەروەردە و ...هتد بەکاردێنن بۆ خۆیان. ئەوە ڕووس لە شوورەوی جاران، چۆن مارکسیزمی کردبۆوە ئامرازی دەستی خۆیی و گەلانی بندەستی دەتوانەوە و دەیکردنە سەربازی پاسەوانی مۆسکۆ و زمانەکەی پۆشکین.

قەرەداخی بەیت و باڵۆرەیەک دەکوتێتەوە، بەرامبەر مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەز، کە لە پەنجاکانی سەتەی ڕابووردووە، وەک بنەمایەکی پووچ و پروپاگەندەیەکی سواوی سیاسەتی قەوزەگرتووی، ئەو بەرەیەی عەتا خۆی تێدا دەبینێتەوە بەکار دەهێنرێت.

ئاشکرایە هەموو ئەو قسەیەی عەتا دەیەوێ بیکا، بریتییە لە: پایەکانی گوتاری نەبەز نازانستییە، چونکە بنەمای مادییان نییە. بە واتایەکی تر مارکسییانە نییە. کاک عەتا لەمە زیاتر پێرادەکێشێ و نەتەوەیی بوونی نەبەز و دوو پارتە ناوبراوەکە ، بە سیفەتێک بۆ دەستەبژێر دەگێرێتەوە و پێی وایە بنکەی گوتارێکی جەماوەریی کۆمەڵایەتییان نەبووە.

له شوێنێکی تر وەڵامی ئەم بۆچوونەمان داوەتەوە. بەس با کاک عەتا بزانێ، کە لە مێژووودا بە زۆرینەیەکی ڕەها هەمیشە کەمینە لەسەر هەق و ڕاستی بووە. مامۆستا مەسعوود دەڵێ:" ڕاستی باوەڕ لە ژمارە زۆریی لایەنگرانیدا نییە، وەک ناڕاستی لە ژمارە زۆریی ئەوانەشدا نییە، کە ڕەتی دەکەنەوە".

پاشان کاک عەتا نایەوێ دەست بۆ هۆکارەکان ڕابکێشێ و بڵێ هێندەی هێزە سیاسییەکانی تر لەسەر گۆڕەپانی کوردستان، دژایەتی فیکر و بوون و ئامانجی پاسۆکیان کردووە، نیو هێندە شەڕی داگیکەرچێتییان نەکردووە. ئەو هەموو نەمەکحەرامی و گەلەکۆمەکە و شەڕ پێ فرۆشتن و دابڕاندنی پاسۆک کراوە، نیو هێندە دژ بە بیروڕیبازی بێگانەپەرستی و ڕادیکال و درێژکراوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و دیارە نامۆکانی تریان نەکردووە. سەیرە گەر بڵێم سەردەمانێ دوو کەسی عەرەب، فارس، تورک! حیزبیان دادەمەزراند، لە کوردستان هێزە سیاسییەکان بارەگایان بۆ دەکردنەوە و ژیانیان دابین دەکردن. کەچی هەرچی لە تواناندا بوایە، بۆ دژایەتی سەربازی و ڕێکخستنی و ڕاگەیاندنی و فیکری پاسۆک، بە شێوە هەرە ناشیرین و ترسناکەکەی پیادەیان دەکرد. گەر قەرەداخی بچێتەوە بۆ ڕەگوڕیشەی لاوازی ئەو حیزبە نەتەوەییان، دەبێت لێفە لەسەر زۆر شت لا بدات!. ئەوەش مەترسی بۆ پەزەکان دەبێت. ئێمە لە فیکەی کاک عەتا و هاوشێوەکانیان باش گەیشتووین.

کارەکەی قەرەداخی لەسەر نەبەز ئەوە دەسەلمێنێ، کە نووسەر هەموو بەرهەمەکانی نەبەزی نەخوێندۆتەوە و هاتووە خوێندنەوە بۆ بیروباوەڕ و گوتارە نەتەوەییەکەی دەکات. هەمان هەقیقەت بۆ نەخوێندنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود و شوکور مستەفا و دکتۆر کەمال مەزهەر، ڕاستییەکی ترە بۆ ناتەواوی کارەکەی قەرەداخی.

باسێکی جێی مشتومڕ لای نەبەز تێزی قوتابخانەی سۆسیالیزمی کوردییە. نەبەز لە ئاین و فەلسەفەی زەردەشتێتییەوە و لەسەر سێکوچکەی" بیری باش، وتەی باش ، کرداری باش" ئەو تێزەی خۆی پێشکەش کردوەە. عەتا چونکە زەردەشتێتی هەر بە ئایین دەزانێ، باسەکە بە بێ بنەما دادەنێ... و هێندە دووی دەکەوێ دەپرسێ : کێن ئەوانەی بیری باش بەرهەم دێنن؟ بیری باش چییە؟ کێ بڕیار دەدات ئەو بیرە باشە؟. ئەم بیرە بۆ چین و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیی یان ئەوانی تریش باشە؟ ئایا بە گشتیکردنی هەر بیرێک و سەپاندنی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا کوشتنی ئازادی و داگیرکردنی مافی بیرکردنەوە نییە؟.. وە ڕستێ پرسیاری تری سەیروسەمەرە.، بەڵام پێمان ناڵێ بۆ بۆخاوەن تیۆرییەکەی خۆی ڕەوایە، لەسەر کۆمەڵگای ئەڵمانی و ئەوروپایی نووسیوە، تۆ لە بناری قەندیل دەتەوێ پێڕەوی بکەیت، ئەمە ناکاتە پێشێلکردنی هەم ئازادی و هەمیش تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نێوان کورد و ئەڵمان ؟.

ئەم باسەی مامۆستا زیاتر وەک فکر پێشکەش کراوە. قابیلی ئەوەیە بیروڕای جیاواز و لێکدانەوەی تری بۆ بکرێ،جا لەگەڵ بیت،یاخود لە دژ. بەڵام ئارگومێنتەکانی کاک عەتا لەسەری لاوازن.

جارێ ئایین لە مێژووی گەلاندا لە زۆر شوێن ڕۆڵی هەرە سەرەکی دیوە و بۆتە فاکتەری هەوێنی سەرەکی دروستبوونی نەتەوە یاخود دەوڵەت یاخود ڕەگەزی جیاکردنەوە نەتەوەکان. بۆ نموونە ئیسلام بۆ عەرەب، شیعە بۆ فارس، کاتۆلیکی بۆ ئیرلەندە و پۆلۆنیا، ئایین بۆ وڵاتانی بالکان و تەبانەت کە دەوڵەتی عوسمانیش رووخا میراتەکەی لەسەر پرنسیپی ئایینی دابەشکرا بە کەمینەتەکی کەمی مەزهەبەکانی ترەوە،.

جەخت لەوە دەکەمەوە پرسیارکردن گرنگ و ڕەوایە، بەڵام خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان بەهۆی پرسیارکردن و ئاڵۆزکاندنی ڕاستیەکان دەمخاتە گومانێکی گەورەوە!. دوو دروشم کە بەدرێژایی بوونی مرۆڤایەتی لەم گەردوونەدا خەباتی بۆ کراوە و هێشتا بەتەواوی کەس پێی نەگەشتووە، بریتین لە (ئازادی و یەکسانی). ئەمانە گەوهەر و ستراتیژ و ناوەڕۆکی گوتاری بیری نەتەوەیی و نەبەز داگیر دەکەن، کە قەرەداخی دەیان داتە بەر لیس و کوتەکی نازانستی و نا ماتریالیتێتی..

قەرەداخی دەنووسێ:" هەروەک ئەوە ئاشکرایە کە لە تیۆریی مارکسیزمدا باسی دوو قۆناغ لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەکرێت، کە ئازادی ڕەها و یەکسانی ڕەهایان تێدا بێت. ئەوانیش کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆمۆنەی دواییە، بەڵام ئەم دوو قۆناغەش وەکو دوو قۆناغی خەیاڵی لە ژیانی کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێن.

عەتا لە لایەک کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆمۆنەی کۆتایی مارکسیزم بە خەیاڵ دادەنێ و لەلایەکی دیکە مۆری زانستی و لێدەدات. ئەم بێ ئارامیی و بازبازێنە لەسەر تەنافی بیروباوەڕ و جیاوازی فیکر، ڕاستینەی بۆچوونەکانی عەتا دەخاتە ژێر پرسیاری گومانەوە. دیارە تێزەکەی نەبەز گەر شیاوی هێنانە دیش نەبێت، هێشتا "ئازادی و یەکسانی " ئەهوەنتر و

ئارامتر و پیرۆزترە لە کارکردن بەمیتۆدێک گوایە زانستییە، بەڵام بە تێکبەردان و پێکداهەڵپژانی چینەکان و بەزەبری خوێنڕشتن پێی بگەیت. ئەدی مەگەر ئەوە ناوەڕۆکی خەباتی چینایەتی نییە؟!.

با ئەوە بڵێین کە تۆ هەر لەسەرەتاوە باوەڕت بە چین هەبوو، نادادیش لە ئارادا بوو، ئەوە هەر دەبێت بە زەبروزەنگ ستەمەکە لاببرێ. جا ئێمە دەپرسین کێ لەسەر بنەمای خەیاڵ و دەرەوەی واقیع بیردەکایەوە و کار دەکات؟..!

قەرەداخی دەنووسێ:" ئەو دەوڵەتەی کە تێزی مارکسی بە نموونەی دەوڵەتی زۆرینەی کۆمەڵگەی دەزانێ، کە دەوڵەتی پرۆلیتارییایە دروست نەبوو، ئەگەری ئەوەش نەماوە کە تازە مێژوو بەو ئاڕاستەیە بڕوات، دەوڵەتی پرۆلیتاریا دروست ببێت، کە زەمینەی مادی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی پرۆلیتاریا زۆر لە بارتر و گونجاوتر بوو، لەوەی کە کۆمەڵگە خۆی ببێت بە دەوڵەتی خۆی".

کورد لە کەس زیاتر نییە و لە کەسیش کەمتر نییە و دەبێت ماف و دەسەڵاتی وک یەکی هەبێت. بەهەرحاڵ قەرەداخی پرسی سەربەخۆیی و گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەوڵەتبوون بە قۆناخە جیاجیاکانەوە وەک تێخوێندنەوەی ریاڵ پۆلەتیک لای نەبەز باش دەنرخێنێ. ئەمەش ڕەوتی ئەو گوتارە نەتەوەییە، کە پێویستە عەتا لەم خوێندنەوەیەدا کاری لەسەر بکات. باسەکانی تر زیاتر بابەتی فیکرین و نەبەزیش فیکرەی بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کورد خستۆتە بەرباس. لەوێشەوە بۆ نەتەوە و مرۆڤایەتی .. کەواتە دروستە قسە لەسەر پراکتیکێتی یان نا پراکتیکی بیرو هرزەکەی نەبەز و میکانیزمەکانی خستوویەتە ڕوو بکرێ، بەڵام بەوە تۆمەتبار بکرێ لە ژێر کاریگەری گوتاری داخراوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی وەک "ساطح الحصيری" و ئەوانەدایە، ئەوە بازدانە بەسەر واقیعدا.

پێش ماوەیەک باسێکم خوێندەوە،کە هاوشێوەیەکی وەک کاک عەتا قەرەداخی نووسیبووی. ناوبراو، وا باس دەکات، کەوا لە ماڵی مامۆستا ئەحمەد هەردی کتێبی الحصيری بینراوە. جا برایینە ئەمە چ تاوانێکی تێدایە؟ ئەنشتاین قورئان لە کتێبخانەکەیدا هەبووە. لای من کتێب لە سەر مارکس و لینین و ستالین و ماو و هیتلەر و الحصيری و عەفلەق و سەددام و خومەینی تەبەریی و ئەتاتورک و زۆرێکی تر هەن. ئەوە چ تاوانێکە دەدرێتە پاڵ کەسایەتییەکی نەتەوەیی؟. ئەوە عەقلانێتی نووسەرانە یاخود ماستەکە هەزاران موو و کۆمەڵێ گوریسی قەف ئەستووریشی تێدایە؟؟!!.. باشە ئەرێ ئەوانە ناحەز و داگیرکەرنین، نووسەر و خاوەن فیکر و تێز و دەسەڵاتدار و سیاسی نەبوون!!!. نابێت مرۆ ئاگای لە هزر و نووسینەکانیان بێت؟؟!!. جا لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئەو بەڕێزە، داوای دادگایی کردنی سەرانی کاژیک و پاسۆک دەکات، لەسەر ئەو جۆرە شتانە.

بەڕێزینە.. ئێوە هێشتا بێدەسەڵاتن و بوونەتە جەللادی مێژووی مرۆڤ و بیری ئازاد و وشەی پاک و بێگەرد!. دڵسۆزان وان لە کوێ کۆوەبن و بچنە بەردەم عەرشەکەی کاکی کوردی نووسەر، بزنە چ کارێکی نوێی بۆ دۆزیونەتەوە؟؟؟. ئای چ دارِمان و هەرەس و دارزینی ئەقڵ و مەعریفە و ڕۆشنبیرییە!!. لەسەر ئەم باسە زۆر ناڕۆم، چونکە بە وتارێکی درێژ بیروڕای خۆم پێشتر لەسەر دەربڕیوە.

عەتا پێی وایە نەبەز بەسەر سەربەخۆییدا بازی داوە بۆ ئازادی و ئەمەش لەبەرچاونەگرتنێکی پرسێکی سیاسی ڕوونە. کە بێ سەربەخۆیی ئازادی بەرهەم نایەت . ئەم باسە لە سەروبەری مردنی جەمال نەبەزدا وەک چەکێکی سیاسی بۆ مەرامێکی گڵاو قووت کرایەوە. پێدەچێ کاک عەتاش لەژێر کاریگەریی هەمان سیاسەت و ڕەوت و پروپاگەندەیەدا مابێتەوە، یاخود ئەمیشی لێ گۆڕا بێت، وەک زۆر لە بابەتەکانی تر.

وەک لەوتارێکی دووودرێژمدا ئەمەم ڕوونکردۆتەوە. مەسەلەکە پرسی سەربەخۆیی لای نەتەوەییەکانی کورد پرسێکی سیاسی و قۆناخێکی گرنگ و جێی بایەخە بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراوی وەک کورد. بەڵام دوای سەربەخۆیی خەباتی نەتەوەییەکان هەر بۆ ستراتیژە گەورە و دوورەکە « ئازادی و یەکسانی» ڕاناوەستێ. چونکە مەحاڵە گەشتن بە سەربەخۆیی، هاوشان و هاوکات ئازادی و یەکسانیش فەراهەم ببێت. کەواتە ئازادی گرنگترە لە سەربەخۆیی. هەموو هۆشمەند و ژیرێکیش دەزانێ کە بێ سەربەخۆیی کورد ناگاتە ئازادی.

لە دەرەوەی ئەمەش مامۆستا نەبەز بە دەیان باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر پرسی سەربەخۆیی هەیە. هەموو ڕەخنەی ئەو لە حیزبی کوردی ئەوەبوو ئۆتۆنۆمی خواز و داگیرکەرچی بوون و دوور لە کوردایەتی. ئیدی چۆن دەکرێ خواستی سەربەخۆیی لە هزر و تێکۆشانی نەبەز جیاکرێتەوە.

کاک عەتا دەنووسێ : "جەمال نەبەز بە داکۆکیکەری جدی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەناسرێت ". بەڵێ تێکەڵوپێکەڵی و بێ بەرنامەیی قەرەداخی لەوەدا بەدیار دەکەوێ بەردەوام دەیەوێ نەبەز و گوتارەکەی بکاتە ناواقیعی و نازانستی، کەچی وەک ئەم خاڵەی لەبیر بچێتەوە دەنووسێ« نووسەر لە نووسینەکانیدا داکۆکیکارێکی جدی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەناسرێ.!«

خۆ کاتێ کە پرسی سەربەخۆیی نابێتە پرسێکی جەماوەریی بەرفراوان و خەڵک بەکۆمەڵ لەدەوری خڕ نابنەوە، گوناهی بیری نەتەوەیی کوردی حیزبەکانی نییە و نەبووە. ئیدی لەم لاقرتێ و جووینەوەی وشە و ڕستە سواوەکانی بازاڕی وێرانبووی سیاسەتی کوردی - وەهم و داخراوی و نازانستی و شۆڤێنی و تەنانەت ڕەگەزپەرستیش - تێناگەم چۆن ڕۆشنبیرێکی وەک کاک عەتا دەکەوێتە داوییەوە!!. کەسێکی حیزبی و سیاسییەکی نەیاری دۆڕا و نابووت، ڕەنگە ئەم تۆمەتانە بکاتە بنێشتە خۆشەی بن ددانی. وەک کراوە، بەڵام بۆ نووسەرێکی وەک کاک عەتا بەڕاستی ناجۆر و ناژیرییە، وەک تووتی شتەکان بڵێتەوە. بەڵی ئەم جۆرە نووسینانەیە وا دەکات، قەفی گومانەکان ئەستوورتر بن بەرامبەر کارکردنی قەرەداخی لەم کایەدا..

ج. نەبەز دەڵێ:" سەربەرزیی هەموو ئەندامێکی نەتەوەی کورد و هەموو کوردستانییەک هەر لە سەربەزیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستاندا جێی ڕاستەقینەی خۆیان دەگرن. هیچ کوردێک و هیچ کوردستانییەک سەربەرز و بە ڕوومەت نییە و نابێ هەتا کوردستان سەربەخۆ نەبێ و نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان نەگەنە پلەی ئازادی و یەکسانی".

ئێمە لەبیرمانە نەیارە سیاسییەکانی بیروڕێبازی کوردایەتی، هەزاران تۆمەت و پروپاگەندەی بێ نرخ و بێ بەهای وەک کوردکوژە و شتگەلێکی تری دروستکراویان کردووە و کردبوویانەتە دەهۆڵ هەر دەیکووتنەوە و هەرچی وزەی خۆیان هەیە، لێرەدا سەرفیان کرد و مێشکی گەنجی کوردیشیان پێ ئاخنی. وەک ئەوەی لە ئێستادا منداڵە ورتکەش لە دەڤەرێکی کوردستان ڕاست دەبێتەوە جوێن بە کوردبوون و دەوڵەتی کوردی دەدات. چونکە مووچەکەی دوا کەتووە؟ نەدراوە!.. یان گاڵتە بەسەربەخۆیی دەکات! چاوی بڕیوەتە پایتەختی داگیرکەران و دەستی پانکردۆتەوە و لە بری دوو گیرفان چەند توورەکەیەشی لەگەڵ خۆیدا بردووە تا پڕی بکات لە قەرسیلی سەوز!.. ئەمەش بۆ خۆی ڕاستەوخۆ داواکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر،بۆ مانەوەی کورد هەر بە بن دەستی.

ئەو ڕێگریی و بۆسەیەی بۆ بیری نەتەوەیی و حیزب و خەڵکی نەتەوە دانراوە، هێندە بۆ داگیرکەر دانەنراوە. ئێرە شوێنی چوونە قوڵایی ئەم باسە و هەڵدانەوەی هەموو مێژووی پشت پەردە نییە بۆ سەر شانۆ!... گەر کاک عەتا دەخوازێ وەک چیرۆکی هەزار و یەک شەوە، ملیۆن و یەک شەوەی بۆ دەڵێینەوە.

ئاخر کەس هێندەی خاوەن گوتاری نەتەوەیی کوردی، ئەوەی کاک عەتا دەیەوێ ڕاستێکانیان بۆ مەبەستگەلێک بشێوێنی و خەڵکی پێ لە خشتە بەرێ، بیر و هزر و سیاسەتی بە دژایەتی داگیرکەر و داگیرکەرچێتی زاخاو درا بێت. بانگاشەی یەکبینەی بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی کرد بێت و لە مەودای دووردا بۆ ئازادی یەکسانیش. ئەوە نزیکەی ٧٠ ساڵ تەمەنی بیر و تێکۆشانی نەبەز لە کۆتایی پەنجاکانەوە هەتا مەرگی لە ٢٠١٨ دا، یەک چرکە کەمتەرخەمی لە پرسی نەتەوەکەیدا نەکردووە و هیچ کاتێکیش ملی بۆ هەڕەشە و گوشاری دەرەکی و ناوەکی دەورووبەری نەداوە.

وەک دەزانین لە پێناوی ئەم ئامانجەدا خۆی ژیانی ئەورووپای هەڵبژاردوو و چانسێکی باشتر و گەورەیی بۆ خۆی سازدا کەوتە خزمەت کردن. بەواتای تەرخانکردنی سەرتاپای ژیانی بۆ دۆزی نەتەوەکەی. ڕاستە مامۆستا لە کوردستان دوور بووە، لێ بیر و هەست و چاو و دڵی لەسەر کوردستان و بۆ کوردستان بووە. ئەو لە دوریشەوە باشتر لە زۆر لەوانەی لە نزیکەوەبوون کار و خزمەتی دەکرد. ئەو هەم بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیی و هەمیش هەموو شتێک بۆ کورد تا دوا چرکەساتەکانی تەمەنی کاری کرد. نانی ڕۆژانەی بە تەمەنی ٨٥ ساڵییەوە دەردەهێنا و بە ڕەنجی شان و بازووی خۆی دەژیا و دەیخستە خزمەتی بیروباوەڕەکەی ـ بەو شێوازەی خۆی باوەڕی پێ بوو ـ!! بۆ خزمەتی کورد کوردستان. مامۆستا دەڵێ:" کورد ناتوانن لەگەڵ عەرەب لە سنووری دەوڵەتێکدا بژین، کە ئەوان ئاغا و کوردیش نۆکەر بن، پێویستە باسی سەربەخۆیی بکەین".


ئەگەر کورد لەگەڵ عەرەبدا نەتوانێ بژی، ـ کە ئایینی هاوبەشە ـ واتە لەگەڵ ئەوانی دیدا هەر دەرفەتی ژیانی نییە. نەبەز لەم ڕووەوە یەقین بوو داگیرکەران کەشێک فەراهەم ناکەن پێکەوە ژیان زامن بکات. پاشان کام پێکەوە ژیان؟ داگیرکراو و داگیرکەر چۆن دەتوانن پێکەوە بژین.

عەتا هەڵوێستی بیرکردنەوەی نەبەز دەبەستێ بە دوو ئەگەرەوە: سیاسەتی خراپی داگیرکەرانی کوردستان و ڕێگاکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادی و دەوڵەت دواتر دەیەوێ جیاوازی ناسیۆنالیزمی پێش شۆرشی پیشەسازی و باش بەراورد بکات کە جیاوازە لە ناسیۆنالیستی دواتر ئایین و ئابووری فیدراسیۆنی خێڵەکان نەبوونەتە فاکتی دروستکردنی دەوڵەت.

سەیرە گەر گوتاری نەتەوەیی بریتی بێت لە پرۆژەی دەوڵەت، نەبەز یەکێکە لە داکۆکیکارە هەرە دیارەکانی ئەم ڕێبازە. دەی بۆ کاک عەتا گوتاری ئەم نووسەرە بە ناتەواو یاخود وەهمی دادەنێ؟..!. بەگشتی دەکرێ سەرنج لەسەر بیر و تێزە فیکرییەکانی مامۆستا هەبێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆ لەخۆ بگرێ و لەم مەیدانەشدا ڕەخنەگرتن هەقێکی ڕەوایە. لێ هەرگیز کەس ناتوانێ ناسنامەی گوتاری نەتەوەیی لە نەبەز بسێنێتەوە، یاخود فەرامۆشی بکات و بشێوێنێ.

بەر لە ماڵئاوایی ئەم نووسەرە دەنووسێ:" سەرباری تێبینییەکان گوتاری ئەم نووسەرە بارگاوییە بە ڕەگەزەکانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی".

**کەمال مەزهەر ١٩٣٧ـ سڵامەت و تەمەندرێژ بێت ....**




د. کەمال مەزهەر دیاترین مێژوونووسی هاوچەرخی کوردە و لا کایەی مێژوودا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای ناوکە و بە کۆمەڵێ بەرهەمی گرنگ و بەپێز جێ پەنجەی خۆی بەسەر مێژووی کورد و ڕۆشنبیریی کوردییەوە نەخش کردووە. بەرهەمە نازدارەکانی کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم و چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد و کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، داکۆکییەکەی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیان،کە شۆڕشێکی خۆڕسک بووە، دەستتێوەردانی ئینگلیزی پێوە نییە و باسەکەی لەسەر خوێنی بەناهەق ڕژاوی ئەرمەن و زۆری تر، کاری سەنگینن. هاوتای ئەمانە دکتۆر مەزهەر، بە هۆی ئایدۆلۆژیای چەپایەتییەوە، خزاوەتە کۆمەڵێ بابەتی دوور لە گوتاری ناسیۆنالیزم و بە هەناسە و ڕۆحێکی نانەتەوەییەوە کارەکانی ئەنجام داوە. ئەم بابەتە تەنها لەم ڕووەوە بە دەستپێشخەری کاک عەتا قەرەداخی وروژێندراوە و بەندەش لەتەک هیوای سڵامەتی بۆ کاک دکتۆر، شەنوکەوێکی ئەم باسە دەکەم و بڕیار دکتۆر کەمال مەزهەر ئەم هۆکاری ئایدۆلۆژییەی تێکەڵ بەکارە مێژوویی و ئاکادیمییەکانی بەو جۆرە نەدەکرد، تاوەکو لە چوارچێوە پسپۆڕی و بابەتێکەی خۆی دوور نەکەوتبایەتەوە.

ئێمە دەزانین کە گوتاری عێراقچێتی ، گوتاری پێکەوە ژیان نییە، وەک ئەو کولتوورەی لە وڵاتێکی وەک سویسرا بۆ نموونە باڵا دەستە.

کاک عەتا لەگەڵ بەشێکی بەرهەمەکانی د. کەمال مەزهەردا گەشتێکی دورودرێژ بە باس و بزاڤی مێژووی کورد دا دەکات و بەدوای سەرەداوی گوتاری ناسیۆنالیزمدا دەگەڕێ. چەند وێنەیەکی هەست و هوشیاری نەتەوەیی سەدەی ١٩ مان ـ کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دا ـ نیشان دەدات. ئا لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان شۆڕشە سەربەخۆخوازەکانی شێخی نەمر لە ئارادابووە. دوای یەکەم جەنگ دێتە بەرهەمێکی تری تەواو پێچەوانەی گوتاری

نەتەوەیی. مێژووی کرێکاری عێراق. دکتۆر بە زۆردارەکی دەیەوێ مێژوو بۆ ئەو ژمارە کەمەی کرێکار وەک چینێک دروست بکات. تەنانەت هەوڵ جوتیار و باخەوانیش بکاتە کرێکار، لە کاتێدا ١٠ کارخانە لە عێراقی تازە دروستکراودا نەبووە. دکتۆر دەڵێ:" واقیعی نەتەوایەتی گەلی عێراق لە گشت قۆناغەکانی و لەسەرانسەری وڵاتدا کاری لە پێکهاتن و دروستبوونی چینی کرێکاران کرد و تێیدا ڕەنگی دایەوە و یەکەم توێژی کۆمەڵایەتی لەسەروخوارووی وڵاتدا و لەناو ڕیزەکانیدا نوێنەری نەتەوە و تیرە جیاجیاکان کۆبوونەوە".ل٢٦٢

لە شوێنێکی تردا دەڵێ:" بزووتنەوەی کرێکاری عێراق شان بە شانی بزووتنەوەی دژ بە ئیمپریالیزم و ئەو هێزانەی لە پاشکۆیدا بوون پەرەی سەندووە".ل٢٦٣

ئەم دوو برگە لە بۆچوونی دکتۆر، هەڵگری ئەو گوتارەیە، کە ناچێتە خانەی گوتاری نەتەوەیی کوردییەوە. قەرەداخی لە وەڵامی ئەم بۆچوونەی مەزهەردا، دەڵێ: نەک ئەو کاتە بگرە ئێستاش ٢٠٢٠ پیشەسازی هێندە لە عێراقدا پێشکەوتوو نەبووە تا بەو ئەندازەیە باسی کرێکار بکرێ نەک چین. کرێکار سروشت و شوناسی چینی نەبووە. کەواتە وەک ئاماژەمان پێ دا، دکتۆر بە هەزار شێوە و لێکدانەوە هەوڵ دەدات، مێژوو بۆ کرێکار لە عێراق، وەک چینێکی فراوان دروست بکات و داوا دەکات پرسی نەتەوەی کوردیش لەم مەسەلەیە گرێ بدرێ.

ئێمە دازانین لە میانەی قسەکردن، لەسەر چینی کرێکار، جێی ناسنامەی نەتەوەیی بە گوتارەکەیەوە نابێتەوە. چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی هەراشترن و ناسنامەی چین ساز دەدات. بێ درێژەدان بەم باسە، ئایا ئەوسا و ئێستاش لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ژمارەی کرێکاری کورد چەند پێک دێنێ؟ کرێکاری کورد و عەرەب چەند لە دەسەڵات و ماف و ئیمتیازدا بەرامبەر بەیەکن؟.. دکتۆر ئاماژە بەوە ناکات ئیمپریالیزم عێراقی دروست کردووە و لە نزیک و دورەوە حاکمێتی و بەڕێوەی دەبات. شایانی باسە قەرەداخیش پێناسەیەکی باشی ئەم بیرۆکانە دکتۆر دەکات و هەڵیان دەوەشێنێتەوە.

خوالێخۆشبوو دکتۆر **عیزەدین مستەفا ڕەسوول** لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەبەرنامەی پەنجەمۆر، گوناحێکی گەورە دەخاتە مل دکتۆر کەمال مەزهەر ، سەبارەت بە بێهەڵوێستی بەرامبەر بە کوردبوونی **بەکر سدقی** و هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. بەواتایەکی تر دکتۆر نارازی بووە بەرگری لە سدقی بکرێت. دکتۆریش وەک قەرەداخی باسی دەکات، بەسەرپێیی باسێکی سدقی دەکات و خۆی لێ لادەدات و بێ بایەخ لێی دەڕوانێ. ڕەنگە ئەمەش لەبەر دڵی چەپە عێراقییەکان و هاوکات ناسیۆنالیستە شۆڤێنییەکانی عەرەب بێت، کە هەردوو بەرە تا سەر ئێسک دژ بە بکر سدقی و پرۆژەکەبوون/ هەن. د. بورهان یاسین دەڵێ: ئاکادیمستەکانیش بەرپرسن لە بچوکردنەوە و بە عێراقیکردنی پرسی نەتەوەی کورد و کارەکانی دکتۆر کەمال بەتایبەت کتێبی شۆڕشی ٢٠ عێراق بە نموونە دێنێتەوە.

کاک عەتا شرۆڤەیەکی باشی بەرهەم و گوتاری دکتۆر کەمال دەکات دواجار لەم دێڕەدا ناسنامە و گوتاری ئەو مێژوونووسە هەرە ناسراوەی کوردمان بۆ دەنەخشێنێ: " ئەوەی د. کەمال مەزهەر بەرهەمی هێناوە، گوتاری عێراقی و یەکێتی خاکی عێراق و یەک گەلی عێراقە.ئەوەش بەجۆرێ ڕەوایەتیدانە بە باڵادەستی عەرەبی عێراق و مانەوەی کورد لە چوارچێوەی گوتاری عێراقیدا".

بە باوەڕی بەندە، زەقکردنەوەی ئەم بابەتە ـ عێراقچێتی دکتۆر لە ژێر پەردەی چەپایەتیدا ـ بەم ڕەهەندە فراوان و قوڵەوە هیچ نییە، جگە لەوەی لە گەوهەردا هەوڵە بۆ بەرجەستەکردنی زیاتری گوتاری عێراقچێتی کروچوکاڵ و بێ ناوەڕۆک، وەک ئایدۆلۆژیای بزاڤێکی مۆدێرن و هەژاردۆست. کە لە واقیعدا نەک گوتاری نەتەوەیی کوردی لەبیر نییە، بەڵکە سڕینەوەی ڕەگەز و ماناکانیشی کردۆتە ئامانج.

کەواتە دوو گوتاری ناواقیعی بوونە ئاستەنگی گەورەی بەردەم گەیشتنی کورد بە مافەکانی، چونکە هەتا ئێستاش کورد وزە و توانایەکی زۆر زۆری ڕۆڵە لێوەشاوەنی لەم ڕێگایەوە بزر دەکات.

دار زڕ لە باخچەی کەسدا نەهاتوتە بەر،!! دەبا بۆ لەمەدوا دوای کڵاوی بابردوو نەکەوین و باخچەی خۆمان بە داری بەردار برازێنینەوە.